حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی

# تاوانی زمانیی لەناو کۆمەڵدا
## (دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی کوردی بە نموونە)

**توێژینەوەیەکە لە لایەن:**
**(ئیمان ڕزگار محمد سعید)**

**پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.**

**بە سەرپەرشتی:**
**پ.ی.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد**

**ساڵی خوێندن:**

**(٢٧٢٠-٢٧٢١)ی کوردی (٢٠٢٠-٢٠٢١)ی زایینی**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی**

**بەشی زمانی کوردی**

# تاوانی زمانیی لەناو کۆمەڵدا

# (دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی کوردی بە نموونە)

**توێژینەوەیەکە لە لایەن:**

**(ئیمان ڕزگار محمد سعید)**

**پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانی کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.**

**بە سەرپەرشتی:**

**پ.ی.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد**

**ساڵی خوێندن:**

**(٢٧٢٠-٢٧٢١)ی کوردی (٢٠٢٠-٢٠٢١)ی زایینی**

## یاداشتی مامۆستای سەرپەرشت

من وەك مامۆستای سەرپەرشتی توێژینەوەی خوێندکار (ئیمان ڕزگار محمد سعید) بە ناونیشانی ( تاوانی زمانیی لەناو کۆمەڵدا، دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی کوردی بە نموونە) ، لە ئێستادا خوێندکار سەرجەم پێداویستییە زانستی و تەکنیکییەکانی تەواوکردنی توێژینەوەی دەرچوونی فەراهەم کردووە و توێژینەوەکەی بە بەشی زمانی کوردی و لیژنەی هەڵسەنگێنەر دەسپێرم.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. بێستون حەسەن ئەحمەد

## یاداشتی لیژنەی هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم توێژینەوەیەمان خوێندەوەو بە ناونیشانی ( تاوانی زمانیی لەناو کۆمەڵدا، دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی کوردی بە نموونە)، لەگەڵ خوێندکار (ئیمان رزگار محمد سعید) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لەیەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا: بە پلەی ( ) وەربگیرێت، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

ناو واژۆی مامۆستای هەڵسەنگێنەر: ناو واژۆی مامۆستای هەڵسەنگێنەر:

**پ.ی.د. عادل ڕەشید قادر**

**سەرۆکی بەش**

# پێشکەشە

* هەموو هەوڵێکم بۆ دڵخۆشکردنی ئەوانە، وەك چۆن ئەوان هەموو شتێکیان کرد بۆ دڵخۆشکردنی من، پێشکەش بە دایك و باوکی خۆشەویستم.

* بە خوشك و برا ئەزیزەکانم.

* بە مامۆستای خۆشەویست و ئەزیز { بێستون حەسەن} .

* بە سەرجەم مامۆستاکانم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنم.

* بەو هاوڕێیانەم کە بە وشەیەکیش بێت یارمەتیدەرمبوون.

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

*** خودای گەورە و میهرەبان.**

*** دایك و باوکی ئازیزم کە پاڵپشتم بوون تا ئەم قۆناغەی خوێندم.**

*** مامۆستای بەرێزم: د. بێستون حەسەن ئەحمەد، کە بە دڵسۆزییەوە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە.**

*** سوپاس بۆ هاورێی بەرێزم کاك: سەروەر سوارە، کە لە سەرەتای توێژینەوەکە هاوکارم بووە.**

*** بەرێزان مامۆستایانی بەشی کوردی.**

| هێما و کورتکراوەکان | |
|---|---|
| یان | / |
| دەقی وەرگیراو بە دەستکارییەوە، یان بۆ ڕوونکردنەوە | ( ) |
| دەقی وەرگیراو وەك خۆی | (( )) |
| زاراوە | " " |
| وەرگێڕان | و |

| لیستی زاراوەکان | |
|---|---|
| ئـ | |
| Talk | ئاخاوتن |
| پ | |
| Social standards | پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان |
| Social relationship | پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان |
| ت | |
| Crime | تاوان |
| Language crime | تاوانی زمانی |
| ز | |
| Scientific of verbal of social | زانستی زمانی کۆمەڵایەتی |
| Linguistics | زانستی زمان |
| ك | |
| Group | کۆمەڵ |
| گ | |
| Social changes | گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان |

| ناونیشانی بابەت | ژ.لاپەرە |
|---|---|
| پوختە | ١ |
| پێشەکی | ٢-٣ |
| ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٣/٠) گرنگی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٤/٠) سنوری لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| ٦/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| ٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٣ |
| بەشی یەکەم: زمان و تیۆری تاوانی زمانی لە گۆشەنیگای زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە | ٤-٢٦ |
| ١/١) زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن | ٦-٨ |
| ١/١-١) زمان و کۆمەڵ | ٨-١٢ |
| ١/١-٢) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی | ١٢-١٥ |
| ١/١-٣) گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان | ١٥-١٩ |
| ٢/١) چەمك و پێناسەی تاواناسی | ١٩-٢٢ |
| ٢/١-١) جۆرەکانی تاوان | ٢٣-٢٦ |
| بەشی دووهەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی تاوانە زمانییەکانی نیوان کۆمەڵی کوردەواری | ٢٧-٥٣ |
| ١/٢) پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن | ٢٩-٣٧ |
| ١/٢-١) کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا | ٣٧-٤٠ |
| ١/٢-٢) بنەما زمانەوانییەکانی پەیوەندیدار بە کردە کۆمەڵایەتییەکان | ٤٠-٤٣ |
| ٢/٢) پەیوەندی نێوان زمان و تاوان | ٤٣-٤٤ |
| ٢/٢-١) هۆیەکانی تاوانی زمانی | ٤٤-٤٥ |
| ٢/٢-٢) پەیوەندی واتای پەیوەست بە تاوانی زمانیەوە | ٤٦-٤٧ |
| ٢/٢-٣) شیکردنەوەی ئاخاوتنی تاوانی زمانی لە زمانی کوردیدا | ٤٧-٤٨ |
| ٢/٢-٣-١) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نیوان منداڵان | ٤٨-٤٩ |

| | |
|---|---|
| ٢/٢-٣-٢)خستنه ڕووی تاوانی زمانی له نیوان توخمی مێ و مێ | ٤٩-٥٠ |
| ٢/٢-٣-٣)خستنه ڕووی تاوانی زمانی له نیوان توخمی نێر و نێر | ٥٠-٥١ |
| ٢/٢-٣-٤)خستنه ڕووی تاوانی زمانی له نیوان توخمی نێر و مێ | ٥١-٥٢ |
| ٢/٢-٣-٥)خستنه ڕووی تاوانی زمانی له شوێنه گشتییه‌کان | ٥٢-٥٣ |
| ئه‌نجامه‌کان | ٥٤-٥٥ |
| سه‌رچاوه‌کان | ٥٦-٥٩ |

## پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، بە ناوی( تاوانی زمانیی لەناو کۆمەڵدا، دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی کوردی بە نموونە)، بە لقێك لە لقەکانی نیشانە پڕاگماتیکییەکان دادەنرێت. هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی تاوانی زمانی لە ناو کۆمەڵدا و دەرخستنی ئەو تاوانانەی کە بە زمان لەلایەن تاکەکانەوە ئەنجام دەدرێن.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکهەم، لە دوو پار پێکاتووە، بۆ باسکردنی زمان و زمان و پڕۆسەی پەیوەندیکردن و زمان و کۆمەڵ لە گۆشەنیگای زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە تەرخانکراوە، هاوکات باسی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر کۆمەڵدا هاتووە واتە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ئەوەی کە گرنگ بێت باسکردنی چەمك و پێناسەی تاوانناسی و جۆرەکانی تاوان بە تایبەتی تاوانی زمانی واتە ئەو تاوانانەی کە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێن نەك تاوانە جەستەییەکان، خراوەتەڕوو.

بەشی دووهەم، لە دوو پار پێکهاتووە، پاری یەکەمی باس لە پراکتیککردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن و کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بنەما زمانەوانییەکانی پەیوەندیدار بە کردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. پاری دووهەمی تەرخانکراوە ، بۆ باسکردنی وردی پەیوەندی نێوان زمان و تاوان و پراکتیککردنی هۆیەکانی تاوانی زمانی و پەیوەندی واتایی پەیوەست بە تاوانی زمانییەوە، ئەوەی گرنگی ئەم پارە دەخاتەڕوو ئەوەیە، کە بە وردی خستنەڕووی تاوانی زمانی لە نێوان منداڵان، خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نێوان (توخمی مێ و مێ) و (توخمی نێر و نێر) و (توخمی نێر و مێ) و خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە شوێنە گشتییەکان، کە هەریەك لەمانە بە وردی و بە گفتوگۆ خراوەتە ڕوو لە نیوان ئەم لایەنانەدا. واتە هۆکاری تاوانی زمانی پەیوەست بە هەرکامیان خراوەتەڕوو، کە پێشتر بە ئەم شێوە وردە ئەم لایەنانە پڕاکتیك نەکراوە.

لە کۆتایشدا بە چەند ئامانجێکی زانستی گەشتووین، یەکێك لەو ئامانجانە ئەوەیە، کە بزانین چۆن دەکرێت زمان ببێتە هۆی تاوانی زمانی، یاخود دەربڕاو ئاخاوتنێك یاخود ڕستەیەك بە تاوانی زمانی هەژماربکرێت، هاوکات ئێمە ڕۆژانە تاوانی زمانی ئەنجامدەدەین، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، کە کاریگەی نەرێنی و خراپ لەسەر تاك جێدەهێڵێت.

## پێشەکی

تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵەکانی جیهانیش لە ڕێگەی زمانەوە پێکەوە دەبەستریێنەوە، زمان خۆی هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی بیری مرۆڤ بۆ بەرانبەرەکەی و ئەم گواستنەوەیەش پەیوەندی لە نیوانیان دروست کردووە. کەواتە زمان لە سەرجەم چالاکی و کارەکانی مرۆڤدا بەشدارە، تاوانی زمانیش بەدەر نییە لە زمان چونکە کە دەڵێین تاوانی زمانی هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێن واتە دێنە ئاراوە، تاوانەکانی وەك جنێودان و هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن واتە تەشهیر پێکردن، ئەمانە هەموو بە تاوانی زمانی هەژمار دەکرێت ، هاوکات کاردانەوەی لایەنی بەرانبەریش نیشان دەدات ، واتە دەریدەخات کاردانەوەکەی چییە.

### ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بۆ ( تاوانی زمانیی لەناو کۆمەڵدا، دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی کوردی بە نموونە)، تەرخانکراوە، باس لەو تاوانانە دەکات، کە مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامیدەدات، واتە تاوانی جەستەی ناگرێتەوە، بەڵکو جنێودان و هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن دەگرێتەوە کە ئاڕاستەی تاوانلێکراو دەکرێت.

### ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

ماوەیەك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاشکرا جنێودان و ناوزڕاندنی مرۆڤەکان بۆتە دیاردەیەکی باو و بەکاردەهێنرێت، کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر لەسەر کەسایەتی تاك جێدەهێڵێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی ورد کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە لە ڕێگەی ئەم ناونیشان و لێکۆڵینەوەیەوە مەبەستمانە تاوانی زمانی بخەینە ڕوو.

### ٣/٠) گرنگی لێکۆڵینەوەکە

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە، لە ئاستێکی سەرەتادایە و زۆر بە کەمی کاریان لەسەر کراوە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی تاوانە زمانییەکان، تا لە ڕێگەیەوە تاك هۆشیار بێت، هەریەك لە تاوانەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر جەستە و دەروونی تاوانلێکراو جێدەهێڵێت.

### ٤/٠) سنوری لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لە سنوری، زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدایە، هەوڵدراوە بە شێوەی گفتوگۆ تاوانە زمانییەکان بخرێتە ڕوو، زمانی کوردی، کرمانجی ناوەڕاست – شێوەزاری سلیمانی، بەکارهاتووە.

## ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لە ئەم توێژینەوەدا، ڕێبازی وەسفی شیکاری گیراوەتە بەر، بە واتای ئەوەی پەیوەندی نێوان زمان و تاوان خراوەتە ڕوو، دواتر لە ڕێگەی نموونە و گفتوگۆکانەوە، بابەتەکەمان خستۆتە ڕوو.

## ٦/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە

تاوانی زمانی، بابەتێکی نوێیە و لە سەرەتاکانی لێکۆڵینەوەو کارکردنە تێیدا، بۆیە باسکردنی و کارکردن تێیدا، کارێکی ئاسان نەبووە، هاوکات دەستخستنی سەرچاوە و وەرگرتنی ئەزموونی پێشوتر لەسەر ناونیشانەکە کارێکی ئاسان نەبوو، لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا تەنیا تاوانەکانی وەك کوشتن و دزیکردن و زیناکردن ...هتد، بە تاوان هەژمار دەکرێت، بێ ئاگا لەوەی هەر وشەیەکی نا دروست و نەشیاو کە بەکاردێت، بە تاوان هەژمار دەکرێت بە تایبەت تاوانی زمانی.

## ٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە، لە پێشەکییەك و دووبەش و ئەنجام و پوختەیەك پێکهاتووە، بە شی یەکهەم، بەشێکی تیۆرییە، باس لە ( زمان و پرۆسەی پەیوەندیکرن و زمان و کۆمەڵ و زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی و گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان و چەمك و پیناسە ی تاوانناسی و جۆرەکانی تاوان) کراوە.

بەشی دووهەم بەشێکی پڕاکتیکییە، کە باس لە ( پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن و کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی نێوان زمان و تاوان و هۆیەکانی تاوانی زمانی و شیکردنەوەی ئاخاوتنی تاوانی زمانی لە کۆمەڵگای کوردیدا و خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نێوان منداڵان و خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نێوان مێ و مێ و خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نێوان نێر و مێ و خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نێوان نێر و نێر و خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە شوێنە گشتییەکان ) کراوە.

# بەشی یەکەم

## زمان و تیۆری تاوانی زمانی لە گۆشەنیگای زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە

# بەشی یەکهەم

## زمان و تیۆری تاوانی زمانی لە گۆشەنیگای زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە

۱/۱) زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن

۱/۱-۱) زمان و کۆمەڵ

۱/۱-۲) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی

۱/۱-۳) گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان

۲/۱) چەمك و پێناسەی تاواناسی

۲/۱-۱) جۆرەکانی تاوان

## ١/١) زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن

زمان توانایەکی زەینی وەرگیراوە، خۆی لە سیستەمێکی ڕێك و تایبەتدا دەنوێنێ، تاکەکانی کۆمەڵگایەك لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەکاریدەهێنن. و بریتیە لەو هۆکارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بنیاتناوە و چالاکی بەخشیوەتە کارەکانی و مرۆڤ لە زۆربەی کارەکانی ژیانی بەکاریدەهێنێت، یارمەتیدەرێکی باشی گواستنەوەی ئەو بیرەیە کە لە مێشکی مرۆڤە بۆ بەرانبەرەکەی، ئەم گواستنەوەیەش یارمەتیدەرێکی باشە وهاوبەشی لە نێوانیان دروست کردووە. کەواتە مرۆڤ هەمیشە لە پەیوەندیدایە، زمان هەموو تاکێك وەك بەشێك لە یادگەی تایبەتی خۆی بۆ پەیوەندیکردن بە تاکەکانی ترەوە، بەکاریدەهێنێت. ((هەمیشە بۆ نەتەوەو میللەتەکان ئامرازێك بووە بۆتێگەیشتن و پردی پەیوەندی نێوان میللەتانی دەوروبەر بووە، هەر لە بازرگانی و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پرسی سیاسی و دبلۆماسی و گشت ئەو بوارانەی پێویست و حەتمین بۆ ژیان)).(گۆران کوردی:٢٠١٣: ٤٧). ئەمەش بە مانای ئەوە دێت لە سادەترین و بچوکترین، تا گەورەترین و ئاڵۆزترین کاری ڕۆژانەی مرۆڤدا بەشدارەو ڕۆڵی سەرەکیش دەبینێت. نوسەرێکیش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((زمان: گرنگترین ئامێری پەیوەندی و لەیەکترگەیشتنی تاکەکانی دوو نەتەوەیە)).(سەلام ناوخۆش:٢٠١٦:٢٧١).

زمان تاکەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵەکانی جیهانیش پێکەوە دەبەستێتەوە. هاوکات زمان لە کۆمەڵدایەو هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردن، پەیوەندی لە نێوان تەمەن و ڕەگەز و شوێن و کەسایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری تاك دروست دەکات. ((بێ بوونی زمان کۆمەڵی مرۆڤ نایەتە کایە، چونکە بێ زمان بەکارهێنان هەریکاری و هەرەوەزی کە بەردی بناغەی کۆمەڵە پێك نایەت)).(محمد معروف فتاح:٢٠١١:٩)، نوسەرێکی دیکەش هەرلەم بارەیەوە دەڵێت:((زمان گرنگترین ئامێری نێوان ئادەمیزادە، بێ زمان پەیوەندی لە نێوان ئادەمیزاد پەیدا نابێت، بێ پەیوەندی کۆمەڵ ساز نابێت)).(شیلان عوسمان:٢٠٠٩:١٧). لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە نە کۆمەڵ بەبێ زمان دروست دەبێت و نە زمانیش بەبێ کۆمەڵ بەرەوپێش دەچێت و سەرەنجام پەیوەندیش دروست نابێت، کە زمان

ئامرازێکە لە خزمەتی پەیوەندیکردندایە، پەیوەندیش ئەو پرۆسە ئاڵۆزەیە بەبێ زمان ئەنجام نادرێت.

زمان دیاردەیەکە لە زۆر ڕوانگەی جۆربە جۆرەوە سەیردەکرێت، بە جۆرێك زمانەوانانی کورد و زمانەوانانی جیهانیش بە پێی بیرو ئایدیای خۆیان تێڕوانینیان بۆ زمان هەبووە، نوسەرێکی کورد زمان بە بنەمای سەرەکی درێژەپێدانی ژیان و پێکهاتنی کۆمەڵگا دادەنێت بۆ جوانترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ئاخاوتنی جوانەوەو دەڵێت:((زمان بنەمای سەرەکی پێکهاتنی کۆمەڵگایە و هۆی سەرەکی پەیوەندی تاکەکانێتی، شێوازی دەربڕینی زمان، جۆرو چۆنیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەردەخا)) .(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ :٢٠١٥:١٦٩).

بەهەمان شێوە نوسەرێکی دیکە هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت:((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بەدەم بەرەوپێشچوونی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییەوە پەیدا دەبێت)). یان دەڵێت: زمان

هۆیەکە بۆ چەسپاندن و پاراستنی زانینی گردەوەبوو و گەیاندنی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەك)).(عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ:٢٠٠٥:٩). زمانەوانێکی کوردیش دەڵێت:((هەموو میللەت و نەتەوەیەك خاوەنی زمان و کلتورە، ئەم زمانە هەمیشە بۆ نەتەوەو میلەتەکان ئامرازێك بووە بۆ تێگەیشتن و پردی پەیوەندی نێوان میلەتانی دەوروبەر بووە)).(گۆران کوردی:٢٠١٣:٤٧). مەبەست لێی هۆکاری دەربڕینی هەموو ئامانج و مەبەستە شاراوە و نادیارەکان تەنها زمانە.

لە ڕوانگەی زمانەوانانی جیهانیشەوە، "چۆمسکی" دەڵێت: ((زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات)).(نەریمان خۆشناو:٢٠١٤:١٣). بەبڕوای چۆمسکی هەر زمانێك لەم دونیادا خاوەنی کۆمەڵێك یاساو کەرەسەی سینتاکسیە، کە بەپێی ئەم یاسا و ڕێسا وکەرەسانە دەربڕینە زمانییەکان ڕێك دەخرێت و بەهۆیەوە دەتوانرێت مەبەستێکی لۆژیکی بگەیەنێت، لێرەدا چۆمسکی پەیوەستی کردووە بە ڕێزمانەوە.

هۆڵیش مامەڵە لەگەڵ زمان وەك فەرمانگەیەكی مرۆڤ دەكات، مەبەستیش لە فەرمانگە، كە ئەو زمانەی كۆمەڵگایەك پێیدەدوێن بە بەشێك لە كولتوری كۆمەڵگاكە دادەنرێت، زمانی كوردی كۆمەڵگای كوردەواریی، بە پێی ئەم بۆچوونە بەشیكە لە كولتوری كوردیی و دەڵێت:((زمان فەرمانگەیەكە خۆی و بەڕێوەبردنی خۆی لە دەست خۆیدایە لە ڕێی فەرمانگەكەوە مرۆڤەكان گفتوگۆ لەگەڵ یەكتریدا دەكەن و لەیەكدەگەن)). (محەمەد مەحویی:٢٠٠١:١١).

پێناسەكردنی زمان، وەك دیاردەیەك،كارێكی ئاسان نییە، زمانەوانانیش بە گوێرەی ئەو پێناسانەی بۆیانكردووە دان بەو ڕاستیەدادەنێن كە دیارترین  ئەركی بریتییە لە پەیوەندیكردن ، ئەمەش هۆكاری زیندوومانەوەو بەردەوامییەتی، زمان بۆ مرۆڤە و مرۆڤیش بۆ پەیوەندی لە ناو كۆمەڵدا بەكاریدەهێنێت، كەواتە لە خزمەتی مرۆڤدایە، زمان جگەلەوەی گەیەنەرێكی باشی زانیارییەكانە، هۆكارێكی گرنگی پاراستنی پەیوەندییەكانە و كاریگەری لەسەر تاك هەیە، چونكە هۆكارێكی گەیاندنە بە كەسانی تر، هاوكات ئامڕازی سەرەكی بەكارهێنانە لەلای مرۆڤ بۆ پەیوەندیكردن لەگەڵ یەكتردا، چ لە ڕێگەی قسەكردن یان نوسین بێت یان هەرئامڕازێكی دیكە كە ئامڕازێكی پەیوەندی گونجاوبێت.

زمان پەیوەندی كۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە، بۆیە پێویستمان بە ڕوونكردنەوەی پەیوەندی نێوان (زمان و كۆمەڵ)ە، لە بابەتی دواتر ڕوونی ئەكەینەوە.

## ١/١-١) زمان وكۆمەڵ

زمان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە، چونكە زمان مرۆڤ و دەوروبەر بەیەكتری دەگەیەنێت، و بنەمای دروستبوونی كۆمەڵە، ئامرازێكە بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی لە كۆمەڵدا هەن، مرۆڤ بۆ گەیشتن بە مەبەستەكانی بەكاریدەهێنێت، (كۆمەڵ، بریتیە لە كۆبوونەوەی كۆمەڵێك كەس و بوونی

پەیوەندی جۆراوجۆرو کارلێك لە نێوانیاندا).(خەلیل عەبدولڕەحمان:٢٠١٣:١٥٣).
پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە و زمان بەرهەمی کۆمەڵە و هیچ تاکێکیش بەبێ کۆمەڵ ناژی و هەڵناکات و زمانیش فێر نابێت، هیچ کۆمەڵێکیش بەبێ زمان دروست نابێت، واتە کۆمەڵ کاریگەری لەسەر زمان هەیەو زمانیش کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەیە، هەر گۆڕانکارییەك لە کۆمەڵدا ڕوودات، ئەوا لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە زمان چۆتە ناو بنیادی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵ جیا نابێتەوە، لەم بارەیەوە توێژەرێکی زمان دەڵێت:((زمان یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی بەیەکێك لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت.لەوکاتەی، کە مرۆڤ بۆ بەردەوام بونی ژیان و مانەوەی خۆی بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی هەنگاوی ناوە، بە ناچاری نیازمەندی جۆرێك لە پەیرەوی پەیوەندیکردنی بۆ پەیام گەیاندنیش بووە، بە ئەم شێوەیە زمان لە گشتگیرترین چەمك و واتاو سەرەتایترین بنیاتیدا دەرکەوت)).(زوبێرعلی:٢٠١٢:٤). واتە زمان هۆکارێکە بۆ ژیانکردنی مرۆڤایەتی و ئاسانکردنی کارو چالاکیەکانیان وکارابوون وبەکارهێنانی زمان سەرەتا بە شێوازێکی سادەتر و لە چوارچێوەیەکی بچوکی ژیانی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی پێویستیە سەرەتاییەکانی ژیان دەرکەوتووە، لە کۆمەڵدا زمان هۆکارێکە کە لەڕێگەیەوە مرۆڤ شارەزایەکانی دەردەبڕێ، بە مەبەستی گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو.

کۆمەڵ پێویستی بە زمانە بۆ بەردەوام بوونی ژیان، هەر کۆمەڵ و ناوچەیەك کە لە دونیادا هەیە خاوەنی کۆمەڵێ نەریتی خۆیەتی کە ئێمە لە ڕێگەی ئەو نەریتانەوە یان ئەو زمانەی کە دەریدەبڕێ دەزانین سەر بە چ کۆمەڵێکە و شارەزای ئاخێوەربین و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئاخێوەرەکەش دیاری بکەین، ((زمان پێناسەی قسەکەرە وەك: بۆمان دەردەکەوێت لە زماندا دەتوانین بڕیاربدەین لە قسەکەیەوە ئەو مرۆڤە خەڵکی کوێیە، لەچ بارێکی دەرونیدا دەژی، ئاستی ڕۆشنبیری چۆنە،وە هەندێ جار دەشتوانین ئەوەیش دیاری بکەین، کە قسەکەر سەر بەچ چینێکی کۆمەڵایەتییە)).
(بەکرعەمەر، شێرکۆحەمە:٢٠٠٧:٢٩).

((نە زمان بەبێ کۆمەڵ تەواو ئەرکە زمانەوانی و مرۆیەکانی خۆیدادەبن، نە کۆمەڵیش بە بێ زمان تەبای و تەناهی و کەناڵی لەیەك گەیشتن مەیسەر دەبێت)) یان دەڵێت:(مرۆڤ کە بڕیاریدا لە کۆمەڵ بژی، ئامادەبوونی لە ناوکۆمەڵگادا ناچاریکرد لە خودی خۆی بکۆڵێتەوە و بزانێ ئەو گیانلەبەرێکە خودا سیستەمی گۆکردنی تێدا خەلق کردووە، دەتوانێ لە خۆی و دەوروبەرەکەی بگات).(سەلام ناوخۆش،نەریمان خۆشناو:٢٠٠٨:٧). هەر لەم بارەیەوە نوسەرێکی دیکە بڕوای وایە کە پێویستی و ژیان وایکردووە پەیوەندی لە نێوان تاکەکان هەبێت و کۆمەڵیش لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەوە پێکهاتووە و ئەویش بە هۆی زمانەوە دەگۆڕێت و پەرە ئەسەنێ و دەڵێت: ((کۆمەڵ، لە چەند چین و توێژو وتاخم و گروپێکەوە پێکدێن و بە پێی چۆنیەتی ژیانی ڕۆژانەی نێوانیان، کە پێویستی ژیان وایکردووە، پەیوەندی لە نیوانیان دروست ببێت کە ئەمەش لە ئەنجامی ئیش وکاری ڕۆژانەی ناوکۆمەڵەوە دەرئەکەوێت)).(ڕەفیق شوانی:٢٠٠٩:١٣٣).

مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێت درێژە بەوژیانە کۆمەڵایەتییە بدات کە هەیەتی و بەردەوام بێت لە ژیانکردن و بتوانێ لە ناوکۆمەڵدا بژی، توێژەرێك دەڵێت:((بەهۆی زمانەوە، کۆمەڵ پارێزگاری لە ئاین و ئەدەب و کلتوری خۆی دەکات).(هێمن عەبدولحەمید:٢٠٠٦:١٧). کەئەمەش زیاترمەبەست لێی زمانی نوسینە، چونکە مێژوو و کلتوریش بەهۆی نوسینەوە پارێزراو دەبێت.

ئاشکرایە کە کۆمەڵ لە پێش زمانەوەیە، چونکە بەبێ کۆمەڵ زمان بوونی نابێت، مرۆڤ، زمان لە کۆمەڵەوە فێردەبێت کە تیایدا دەژی، هەرلەم بارەیەوە "فندریس" دەڵێت:(زمان لە باوەشی کۆمەڵدا پەیدا بووە، واتە لەو ڕۆژەوە زمان پەیدابووە کە خەڵك لەناو خۆیاندا هەستیان بەوەکردووە پێویستیان بە لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا هەیە)).(تاڵیب حوسێن:٢٠١٤:٢٩٨).

هاوکات زمان هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەڕێگەیەوە هەستە جۆراوجۆرەکانی ناخی خۆی دەرببڕێت، لە کاتی خۆشی و ناخۆشی...هتد، هەرتاکێکیش بەپێی خۆی دەربڕینێکی تایبەتی هەیە و جیاوازە لەوانی دیکە بەڵام سەرەنجام یەك دەگرن و

کۆمەڵێك پێکدەهێنن. وەك چۆن نوسەرێك بۆمان ڕوون دەکاتەوە دەڵێت:(گومانی تێدا نییە، کە زمان بۆ دەربڕینی هەستی جیاواز بەکاردێ وەك: دڵخۆشی و ناخۆشی و تورەبوون و بێزاری و...هتد، لە زۆربەی ئەم بارانەدا بەکارهێنانی زمان دەبێتە جۆرێك لە دەربڕین لەو شتانەی کە لە ناوەوەی مرۆڤدایە).(ئومێد بەرزان برزو:٢٠١١:٣١)، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت هەریەك لەم هەستانە و ئەم بارە جیاوازانە لە ئەنجامی زمان و ئەو پڕۆسە پەیوەندییە وە دروست دەبێت، لە لایەن تاکەوە سەرچاوە دەگرێ کەلە کۆمەڵدایە.

لێکچوونی زۆر لە نێوان زمان و کۆمەڵ هەیە، یەکێك لەوانە ئەو کۆمەڵە یاساو پڕنسیپانەیە کەلە سیستەمی گشتی جێگیربووە و چەسپاوە، ((هەرکات مرۆڤ یان تاکی کۆمەڵ لەو سیستەمە گشتیە کۆمەڵایەتییە لایدا بێشك ڕووبەڕوی سزاو تانەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، لەناو ئەندامانی کۆمەڵدا، هەڵەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، بۆزمانیش بەهەمان فۆڕم وجەوهەرە، زمانیش پێڕەوی کۆمەڵێ یاساو ڕێسادەکات هەردەربڕینێ کە لە زاردەردەچێ ئەگەر لەگەڵ یاسا ڕێزمانی و فەرهەنگیەکەی نەگونجێت ئەوا لادانی زمانی دێتە کایەوە لایداوە لە یاسا و ڕێسای زمانی)). (گۆران کوردی:٢٠١٣:٦٧).

توێژەرێکی زمانەوانی بڕوای وایە (زمان بەرهەمی بیری کۆمەڵە.واتە دروستکراوی دەستی تاکەکان نییە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵ بەرهەمی دەهێنێت). یان دەڵێت (( زمان گرنگترین ئامڕازە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و بیری و زانستیەکانمان.هەر لە چاك و چۆنی و بەیانی باشەوە، زمان لە کاردایە لە بەجێهێنانی گشت کارەکاندا)).(هێمن عەبدولحەمید:٢٠٠٦:١٦). واتە زمان بەرهەمی کەسێك یان چەند کەسێك نییە بەڵکو کۆمەڵ دروستی دەکات، هاوکات لە بەئەنجام گەیاندنی هەموو کارە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤدا بەشدارە، هەر لە ئاخاوتن و مامەڵەکردن و سەرجەم کۆڕوکۆبونەوەکان، زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. زمان کارلێکی کۆمەڵایەتییش دێنێتە ئاراوە لە نێوان تاکەکان یان لە نێوان تاك و کۆمەڵدا، کە ڕەفتار و هەڵسەکەوتی هەریەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوەی تریان دەبێت، ئەم توێژەرەش بەم شیوەیە

کارلێکی کۆمەڵایەتیمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: (( کارلێکی کۆمەڵایەتیی، جۆرێکە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ، بە واتا گشتییەکەی، کە ئاخاوتن و گوێگرتن و دەربڕین بە نوسین یان بە هێماو خوێندنەوە، هەروەها نیشانەو سەیرکردن و جوڵەی ئەندامانی جەستەش دەگرێتەوە، بنەمای هەموو کردە کۆمەڵایەتیەکانە)). (هێمن عەبدولحەمید:٢٠١٣:١٠).

کورد ئەڵێت:((زمان بهێڵێ سەر سەلامەتە. ئەمە زۆر ماناداره، کاتێ دەربڕینە زمانیەکان گونجاو نەبێت یان نوسینەکانت، ئەوا بێشك تۆ کارلێکی خراپ دەکەیتە ئەندامانی کۆمەڵ و خودی مرۆڤی قسەکەریش توشی کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسای دەبێت)).(گۆران کوردی:٢٠١٣:٨٦).کەواتە دەربڕینە زمانیەکان هۆکاری خۆشبەختی مرۆڤە کە پەیوەستە بە کاروچالاکی و فرمانەوە کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەین.

کەواتە دەگەینە ئەو بڕوایەی هیچ شتێك نییە کە مرۆڤ لەڕێگەی زمانەوە نەتوانێ دەریانبڕێت و لەگەڵ کۆمەڵ بەشی بکات و پێیان بگەیەنێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك دروست ببێت و بوونی هەبێ دەبێ خاوەنی زمانێکی تایبەتی خۆی بێت، چونکە لەکۆتایدا ئەوە کۆمەڵە کە لەسەر هەموو پرسە کۆمەڵەیەتیەکان ئەدوێت و قسەدەکات.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی زمان لەناو کۆمەڵ و کۆمەڵگاداو بۆ دەرخستنی ئەرك و کاریگەری پەیوەندیەکەیان، زانستێك هاتۆتە ئاراوەو گەشەی کرد لە ئەنجامی هاریکاری نێوان زمانەوانی و کۆمەڵناسییەوە، ئەویش زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە.

## ١/١-٢) زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی

زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی، لقێکی زانستی زمانە و، لێکۆڵینەوە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی لە زماندا دەکات. لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ و کاریگەریان لەسەر یەکتر دەکۆڵێتەوە، پسپۆڕێکی زانستی بۆمان ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: ((زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لقێکی زانستی زمانە، لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ و ئەو

کاریگەرییەی هەیانە لەسەر یەکتری دەکۆڵێتەوە. واتە خەریکی لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەیە، کە لە نێوان هەڵوێستی کۆمەڵایەتیی و هەڵبژاردنی زمان، یان زاردا هەیە)).(شاخەوان جەلال:٢٠١٣:٥١). لێرەدا هەوڵی ئەوە دەدات بۆمان ڕوون بکاتەوە کە چۆن دەتوانین سود لە زمان وەربگرین بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کەلە کۆمەڵدا هەیەتی.

نوسەرێکیش بڕوای وایە ((زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ئەو زانستەیە کە دیراسەی زمان دەکات لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، لە ئاکامی ئەو پەیوەندییەی کە زمان بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە)).(تاڵیب حوسێن:٢٠١٤:٢٩٨). واتە لەم زانستەدا هەوڵ دراوە ئەو پەیوەندییانە دیاری بکرێت، کە لە نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

توێژەرێکیش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەم زانستە گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتیی زمان دەدات و لێکدانەوە لە شێوە جیاوازەکانی ئاخاوتن لە ڕووی کۆمەڵەوە دەکات و لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو یاساو بنەما کۆمەڵایەتییانەدایە، کە ڕەفتاری زمانی بەڕێوە دەبەن)). (ئارام عەبدولواحید:٢٠١٣:١٠٢).

زمان کاریگەری گەورەی لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت ژیانی کۆمەڵایەتی پشت بە زمان دەبەستێت، لە هەموو بۆنە و کۆبونەوەکاندا کۆمەڵ،هۆکارە بۆ ئەو جۆرە دەربڕین و بەکارهێنانە زمانیانە، واتە کۆمەڵ هەمیشە لەژێر کاریگەری زماندایە. بەبڕوای "دیسۆسێر"یش ((زمان بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەوواتایەی زمان بەردەوام پەیوەندی نێوان تاکێك و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ دروستدەکات، بە واتایەکی سادەتر زمان- لەڕووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە- جگە لە ڕێکخستن و پێکهێنانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە)).(موحسین:٢٠١٣:١١٣). واتە چ بە گوتن بێت یان نووسین مرۆڤ، بەردەوام زمان بۆ بەجێهێنانی کاری ڕۆژانەی خۆی بەکاردەهێنێت لەناو کۆمەڵدا.

ئەم زانستە وەك لقێکی زانستی سەربەخۆ بۆ یەکەمجار کە ڕێچکەی دانرا لەلایەن (فەردیناند دیسۆسێر)ەوە بوو، کە ((سۆسێر زاناو زمانەوانێکی بلیمەت بوو لەسەر فکرو بۆچونەکانی ئەو زمانەوانی ڕێچکەو ڕێگایەکی تری گرت)). (گۆران کوردی:٢٠١٣:٩٠).

لەسەرەتای ئەو کتێبەی بە ناوی "کۆرسێك لە زمانەوانی گشتی" لەلایەن خوێندکارەکانییەوە لەساڵی (١٩١٦) دابلاوکرایەوە لەژێر ناونیشانی "کورتەیەك لە مێژووی زمانەوانی" دەڵێت: (بەرەوپێشچونی زانستی زمانەوانی بە سێ قۆناغدا, ڕێزمان، فیلۆلۆژی، بەراوردکاری تێپەڕیوە). (فەردیناند دیسۆسێر:٢٠١٨:٢٤). کە دواتر باس لەهەر قۆناغێك دەکات و خاڵی لاوازی هەریەکەیان دیاری دەکات، لای سۆسێر((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەکرێ لەژێر ڕۆشنایی پەیوەندی بە هەست و دەروونی ئاخێوەرانییەوە لێکبدرێتەوە. هەروەها گشت وروژێنەرەکانی زمانیش بۆ کۆمەڵ و دیاردەکۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنەوە)).(هێمن عەبدولحەمید:٢٠٠٦:٢١).

ئەم زانستە، زانستێکی تازەیە لەبەرامبەر زانستەکانی تردا کە لە دونیادا هەیە، ئەتوانرێت بوترێت لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستدا زۆرترین گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە، بەرهەمی هەوڵدانی ماوەیەکی کورت نییە چەنەها زانای وەك: (مالینۆفیسکی، فێرت...) ڕۆڵی کاریگەریان لە دامەزراندنی سەرەتاکانیدا گێڕاوە لەگەڵ ئەوەشدا نابێ هەولی زمانەوانانی وەك: (فەردیناند دیسۆسێر و فندریس ..هتد) چەنەهای دیکەش لەبیربکرێت.

دەکرێت بوترێت زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی لەچەند لایەنێکی ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، توێژەرێکی زمان دەڵێت: ((سنووری ئەم زانستە پانتاییەکی فراوان دەگرێتەوە و گرنگیی زۆر بەدوو لایەن دەدات، زمان بەکارهێنان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕەوشتە)).(ئارام عەبدولواحید :٢٠١٣:١٠٣). واتە لەڕووی ئەرکەوە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی توانای ڕوونکردنەوەی زمانی و ڕوونکردنەوەی تەیبەتمەندیەکانی خودی زمانەکەی هەیە. پسپۆڕێکی زانستی پێناسەی زمان دەکات و دەڵێت: ((ئەو زانستەیە کە پەیوەست بە کۆمەڵەوە لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات و لایەنەکانی زمان

و ڕێگاکانی بەکارهێنانی، کە پەیوەندیدارە بە ئەرکە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکانەوە ڕێکدەخات)). (شاخەوان جەلال:٢٠١١:١٣). واتە پەیوەندی نێوان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و زمان لێکدەداتەوە، تێمان دەگەیەنێ کە چۆن مرۆڤ سود لە زمان وەردەگریت بەپێی ئەو ڕۆڵەی هەیەتی لە کۆمەڵدا.

زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی، وەك هەر زانستێکی دیکە کە بوونیان هەیە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆمەڵ و کۆمەڵگاوە هەیە و بەستراوە پێوەی. هەوڵ دەدات ئەو پەیوەندییانە دیاری بکات، کە لە نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، گرنگی بە تایبەتمەندییەکانی تاك و کۆمەڵیش دەدات، تەنها گرنگی بە بوارێکی دیاریکراو نادات ، بەڵکو زۆربەی کایە هەمەڕەنگەکانی ژیان دەگرێتەوە و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر هەریەکەیان.

وەك وتمان زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی لێکۆڵینەوەیە لە زانستی زمان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدات، بۆیە لەم ڕێگەیەوە لە بابەتی دواتردا باسی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین کە لە ناو کۆمەڵدا ڕوودەدەن و کاریگەرییان لەسەر زمان و فەرهەنگی زمانی کوردیش بەجێ دەهێڵن.

## ٣-١/١) گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان

گۆڕانی کۆمەڵایەتی کردەیەکی مێژووییە، گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخیکی تر لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، کۆمەڵگا لە حاڵەتی گۆڕانی بەردەوامدایە، بە جۆرێك هیچ کۆمەڵگایەك نییە لە بارودۆخێکی جێگیرو وەستاودا بێت و بەرگۆڕانکارییەکانی سەردەم نەکەوتبێت بۆیە گۆڕان ڕێگەی لێ ناگیرێت، سەردەمی ئەمڕۆ سەردەمی گۆڕانکارییە، خێرای گۆڕانەکان وای کردووە بەردەوام ئێمە لە گشت بوارەکاندا ئاگاداری گۆڕانکاری یان گەواهیدەری بین، گۆڕانیش مەبەستمان گۆڕانێکی هەمەلایەنەیە کە هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە، نوسەرێك لەم بارەیەوە دەڵێت:

((گۆڕان خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی سروشتیە و تەواوی دەرکەوتەو ڕواڵەتەکانی بوون و گەردون و سەرتاپای ژیان دەگرێتەوە)).

( https://shwany.blogsky.com/١٣٨٩/١٠/٢٦/post-٤٦ ) .

گۆڕان ڕێگەی لێ ناگیرێت بۆیە کۆمەڵناسان لەڕێگەی توێژینەوە بەردەوامەکانیانەوە ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە، هەر لە کۆنەوە هەندێك لە مرۆڤەکان باوەڕیان بەوبیرۆکەی نەگۆڕین و جێگیربوون هەبووە لە کۆمەڵگا، هەندێکیش بڕوایان بەوە هەبووە کە گۆڕانکاری لە بوارەکانی ژیان پیویستە، (گۆڕان، دیاردەیەکی سروشتییە و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕوودەدات، کۆمەڵگە لەلایەکەوە هەوڵی پاراستنی کەلەپورەکەی دەدات لەلایەکی دیکەوە بە چاکسازی، یان بە شۆڕشی کۆمەلایەتی کار بۆ گۆڕینیان دەکات، ئەو بیروباوەڕەی کەلە کۆندا هەیە، بڕوایان وایە باری کۆمەلایەتی چەسپاوە دوورە لە گۆڕانەوە بەلام لە بیروباوەڕی نوێدا کە بە شێوازێکی زانستی دامەزراوە و کاری لەسەر دەکرێت باوەڕیان بە گۆڕان و پەرەسەندن هەیە).(فوئادی تاهیر سادق:٢٠٠٨:١٩). زۆربەی پێویستیەکانی مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانی کۆمەلایەتیدا گۆڕانیان بەسەردا دێت، یەکێك لەوانەش زمانە، کە زۆربەی گۆڕانە کۆمەلایەتییەکان ئەبێت بە زمان بنوسرێتەوە. ئەم زمانەش بەردەوام لە گەشەسەندن و گۆڕاندایە ، بەجۆرێك گۆڕانەکانی ناو کۆمەڵگەش کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر زمانەوە هەیە.

هەریەك لە گۆڕانەکان کە ڕوودەدات لەخۆوە ڕونادات یان کەسێك بە ویستی خۆی گۆڕان لە کۆمەڵدا بکات بەڵکو، بەهۆی چەندن یاسا و ڕێسای چەسپاوە ڕوودەدات وەك دیاردەیەکی سروشتی یان گۆڕانی جوگرافی یان گۆڕانی ئابوری یا گۆڕانی سیاسی، هاوکات گۆڕانکاری بەهۆی چەند بابەتێکەوە ڕوودەدات واتە هۆکاری هەیە، هۆکارەکەش یان دەرەکییە یان ناوەکییە، (مەبەست لە هۆکارە دەرەکییەکان، ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بەو کاریگەریانەی کە دەسەلاتی مرۆڤی تیادانابێت، وەك هۆکارە فیزیکیەکان، یان گۆڕانە سروشتیەکان لە دانیشتوان، یان ئەوەی پەیوەستە بە کارتێکردنە ڕۆشنبیریەکان، بەلام هۆکاری ناوخۆییەکان، ئەو هۆکارانەن کە دەرەنجامی

کاریگەریە ناوخۆییەکانن، وەك ئەو ڕۆڵەی کە ڕێکخستنی سیاسی پێی هەڵدەستێت، هەروەها ڕۆڵی دۆزینەوە تەکنولۆژیەکان).(دلال محسن:٢٠١١:٤٤). کەواتە بابەتە (کۆمەڵایەتی، بیۆلۆجی، ئابوری، سیاسی، جوگرافی، زمانیی ...هتد)ەکان، کەریگەریان لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە، لەسەردەمی ئێستاشدا ژیانی کۆمەڵایەتی فراوان و ئاڵۆزبووە بەهۆی ئەم پێشکەوتنانە لە باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەوە.

کۆمەڵگا، مرۆڤ یاخود تاك پێویستە بەردەوام لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکاندا خۆی بگونجێنێ و ناکرێ لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکان دەستەوەستان بێت بەڵکو دەبێت بەردەوام لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بێت، هەتاوەکو لە پێشکەوتن دوانەکەوێت، لەم بارەیەوە پسپۆڕێکی زمان دەڵێ: (( گۆران لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پیویست بە خۆگونجاندی تاکەکانی دەکات بەپێی پێداویستییەکان و بەپیی داواکارییە نوێییەکان، ئەوان ئەگەر بێ جوڵە مانەوە ئەوا توشی شکست دەبن و پەنا بۆ هەڵاتن دەبەن لەژێر فشارەکانی ژینگەدا. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە تاکەکان پیویستە ئامڕازێکی زیندو نەرم بن بەهۆی داواکارییەکانی گۆڕان تا بتوانن لە ڕێڕەوی شارستانیەت و پێشکەوتندا بەردەوام بن). (دلال محسن:٢٠١١:١٦).

بێگومان بەرەوپێشچونی تەکنەلۆژیا لە سەردەمی ئەمڕۆدا گۆڕانی کۆمەڵایتی دێنێتە ئاراوە، مەرج نییە هەمیشە گۆڕانی کۆمەڵایەتی گەشەسەندن و پێشکەوتن یاخود بەرەوپێشچونی کۆمەڵایەتی بەدوادا بێت، گەر ئەو گۆڕانەی کە ڕویداوە بووە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، ئەوا گۆڕانێکی باش و شیاو گونجاوە بەڵام گەر بەپێچەوانەوەبوو واتە نەبووە هۆی پێشکەوتن بە گۆڕانێکی خراپ و نەشیاو نەگونجاو دادەنرێت. گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە شیاو سودبەخش بێت وەکو لە پێشتردا (ژن بە ژن، گەورە بە بچوك، شیربای... هتد) ئەمانە هەبوون بەڵام ئێستا نەماون ئەمە گۆڕانی سودبەخشە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە زیانبەخش بێت بۆنمونە لە پێشتردا پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان یان پەیوەندی خزمایەتی پتەوتربوون، تەکنەلۆژیا پێش نەکەوتبوو بەڵام ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئەم پەیوەندیانە بەرەو لاوازبوون ڕۆشتوون و کەم بونەتەوە ئەمە زیانی گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی پێشکەوتنی تۆڕی

کۆمەڵایەتی. دەتوانین بڵێین گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە مانا فراوانەکەی پرۆسەی نوێبوونەوەی کۆمەڵگەیە لە ئاستی کۆمەڵایەتی بێت یان سیاسی و کەلتوری و ڕۆشنبیری. هاوکات هەرێمی کوردستان، دەتوانین بڵێین لەدوای ساڵانی دووهەزارەوە یەکەمین هەنگاوی بە مەبەستی دەستپێکردنی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی هاویشتووە.

کەواتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی گرنگە لە کۆمەڵگەدا، بە مەرجێك ئەو گۆڕانە ببێتە هۆی بەرەوپێشچوون و دەرچوون لەو چوارچێوەو قاڵبەی ساڵانێکە کۆمەڵگەی تێدایە لەهەر بوارێکدا، گرنگ ئەوەیە بەرەوپێشچونێك هەبێت بە بەراورد بە ڕابردوو.

تاوانیش لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە بەراورد بە پێشوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە و فراوانتر و خێراتر بووە، وەك ئەوەی لە کۆندا چەندین شت هەبووە بە جۆرێکی دیکە بووە بەڵام ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە بۆ نمونە، لە کۆندا پرسە سێ ڕۆژ بووە بەڵام ئێستا لەبەر جەنجاڵی ژیان یەك ڕۆژە یان شای لە کۆندا حەوت ڕۆژبووە، جۆری بیرکردنەوەکانیش گۆڕاوە لە ساڵی پەنجاکان هەرکەسێ کچی ناردبێتە مەکتەب عەیبەبووە، موفتی پێنجوێنی سێ کچی هەبووە لە پێنجوێن ناردونیەتیە بەر خوێندن بە کەسێکی زۆر بەجورئەتیان داناوە بەڵام ئێستا گەر کچ نەخوێنێ عەیبەیە، یادی لەدایك بوون بۆنەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ساڵانی پێشتردا زۆر کەمبووە بە دەگمەن خەڵك یادی کردۆتەوە بەڵام ئێستا زۆرزۆرە، مامەڵەکردن لە ئێستادا تاڕادەیەکی باشە پێشتر پەیوەندی مامۆستاو خوێندکار زۆر خراپبووە لێدان هەبووە بەڵام ئێستا زۆر کەمبووەتەوە بە ڕادەیەك ئەتوانین بڵێین نەماوە.

هەندێك گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە پەیوەستە بە ناوچەکان بۆ نمونە کلتورە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر جیاوازە واتە ئەوەی لە هەورامان هەیە لە گەرمیان نییە یان جیاوازە، هەندێك گۆڕانی کۆمەڵایتی ترجیهانییە و هاوبەشە هەندێك کلتور هەیە لە عەرەبەوە بە هۆی ئیسلامەوە گوازراوەتەوە بۆ کورد بۆ نمونە 'شەرەف پاككردنەوە' کچێك خۆشەویستی دەکات براکەی دەیکوژێت لەبەر گوناهەکە نییە بەڵکو لەبەر پاككردنەوەی شەرەفی خۆیەتی واتە بەرگێکی دینی دەکەن بەبەریا،

لە ئێستاو لە سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مۆبایلە زیرەکەکاندا بکەرەکان چالاکترن لە بەشداریکردن لە پرۆسەکەدا، تاوانەکانیش گۆڕاون کە لە کۆندا کەم کەس هەبووە جنێو بدات، هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن ئەمانە زۆر کەم بوون بە بەراورد بە ئیستا کە زۆر بووە، ئەمەش گۆڕانی کۆمەڵایەتییە.

لە بابەتی دواتردا ئاماژە بە تاوانناسی دەکەین، کە لەوەتەی کۆمەڵگا بوونی هەیەو تاکەکانی پێکەوە دەژین لە ئەنجامی ئەو پەیوەندی و بەرژەوەندیەی کە لەنێوانیان هەیە، تاوان بوونی هەبووە ئەمەش بۆ کۆمەڵگا شتێکی پێشبینیکراو چاوەڕوانکراوە.

## ٢/١) چەمك و پێناسەی تاوانناسی

تاوانناسی ئەوزانستەیە، لێکۆڵینەوە لە تاوان دەکات، و لەو دیاردە سروشتیانە دەکۆڵێتەوە کە دەبێتە هۆی تاوان، چونکە دەوترێت تاوان گوایە ڕاستییەکی واقیعیە نەك ڕاستییەکی یاسایی، بۆیە دەبێت بە دوای هۆکارەکانی ڕوودان و دروستبوونی تاواندا بگەڕێین و هەوڵی بنەبڕکردنی ئەو هۆکارانە بدەین، نوسەرێك باس لە تاوانناسی دەکات و دەڵێت: تاوانناسی ((بریتییە لەو زانستەی لە تاوان و سزا و ڕێگا چارەسازییەکانی تر دەکۆڵێتەوە و بەم پێیە ئامانجی ئەم لقەی زانست پەیوەستە بە یەکێك لە لایەنەکانی ڕەفتاری تاکەکەس لە کۆمەڵدا، ڕەفتارێك کۆك و تەبا بێت لەگەڵ بنەما یاسایی و ئاکارییەکاندا)).(سابیر بەکر:٢٠٠٢:٢١). واتە گرنگی بەو ڕەفتارانە دەدات کە لەگەڵ یاسا و کۆمەڵگادا گونجاو بێت ، ئەنجام نەدانی  ڕەفتارێك کە یاسا بە ئەرك هەژماری کردووە. بۆ سەرهەڵدانی تاوانناسی و دیاریکردنی خاڵی دەستپێکی ئەم زانستە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، لەوکاتە بەدواوە ئەم زانستە پەرەسەندنێکی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیووە هەتا ئەمڕۆش، بۆیەکەمجاریش لە ئەمریکا دەرکەوت.

دەتوانین بڵێین تاوانناسی بەدوای ئەو هۆکارانە دەگەڕێت کە پاڵنەرن بۆئەوەی تاوان ببێتە دیاردەیەك و زیانی بۆ تاك و کۆمەڵ هەبێت، ((تاوانناسی ئەو لقەیە لە

زانستە تاوانییەکان، کە لە تاوان وەك دیاردەیەك لە ژیانی تاك و کۆمەڵ بەمەبەستی دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی دەبنە مایەی بەرپابوونی دەکۆڵێتەوە)). (ڕزگار محمد قادر:٢٠١٦:١٧).

ئەو بوارانەی کە تاواناسی و توێژینەوەکانی تاواناسی دەیگرێتەوە تەنها گرنگی بە لایەنێکی دیاریکراو نادات واتە تەنها بریتی نییە لە وەسفکردنی ڕەفتاری مرۆڤ وەك خۆگونجان یان نەگونجان لەگەڵ بنەما یاسایەکاندا، بوارەکانی تاواناسی قوڵتر و هەمەلایەنن خۆیان لە شیکردنەوەی سەرجەم لایەنەکانی تاواندا دەبینێتەوە، ((ئەو لایەنە کەسێتی بێت واتە بکەری تاوانەکە بێت، یاخود لایەنی ماددی پەیوەست بە خودی تاوانەکەوە بێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و زیان بە کۆمەڵ و تاکەکانی دەگەیەنێت، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە توێژینەوەکان ئەم زانستە ڕەفتاری تاوانکاری و، فاکتەرەکانی خوڵقاندنی دەگرێتەوە ئینجا ئەو فاکتەرانە کۆمەڵایەتی بن یاخود تاکەکەسی بن کە دەبنە هۆی ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاوانکاری)).(سابیر بەکر:٢٠٠٢:٢١). مەبەست لە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، ئابوری و سیاسی و کەلتوری و بارودۆخی ژینگەیین، وە فاکتەرە کەسییەکانیش تایبەتن بە خودی تاکە کەسەوە وەك لایەنی عەقڵی و سایکۆلۆژی و بایۆلۆژی و فیسیۆلۆژیەکان، ئەگەر ڕەفتاری مرۆڤ دژی کۆمەڵگا و یاساش بێت ئەوە بە ( ڕەفتاری تاوانکاری ) ناودەبرێت بەڵام گەر لەگەڵی کۆك بێت و دژی نەوەستێت پێیدەوترێت (ڕەفتاری کۆمەڵایەتی) ، هاوکات تاوان بەڵگەیە بۆ ڕەفتاری تاوانکاری .

مادام تاوان بەڵگەیە بۆ ڕەفتاری تاوانکاری کەواتە پێویستە بزانین تاوان چییە؟ تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە ڕووبەڕووی هەموو کۆمەڵگەو وڵاتێك دەبێتەوە، هەرکەسێك پێچەوانەی یاسا هەڵسوکەوتی کرد، ئەوا بە تاوان دادەنرێت. ((بە واتایەکی تر تاوان کردنی کارێکە یان نەکردنی کارێکە کە بەپێی دەقێکی یاسای بە تاوان دانراوە، هەرکاریك کە پێچەوانەی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و پڕەنسیپیە ئەخلاقیەکان بێت، ئەوا بە پێی یاسا بە تاوان هەژماردەکرێت)).

http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=١٠٨٣٤٦&Jor=٢&fbclid=IwAR٣٧U)
ZCpztXUxXtaysFyMjMsAw_j٧Lu٢IuChLmq٨k٥٢g٠٢Sj٧ag_dUW٧U_١ )، کەواتە تاوان هەموو ئەو کارو کردەوانەیە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت، دژ بە یاساکانی وڵاتێك یان ناوچەیەك، یاسا سزای بۆ دیاری کردووە. لەگەڵ ئەوەی تاوان بەردەوام بوونی هەیە وزیانی هەیە ، بەردەوام هەوڵی کەمکردنەوەی دەدرێت بە دەرکردنی یاسای جۆراوجۆر. نوسەرێك لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تاوان کردارێکە یاسا بەهۆی دانانی سزاوە ڕێگەی لێگرتووە و لەکاتی پێشێلکردنی ئەنجامدەرەکەی سزا دەدات، بەوواتایەی تاوان کردارێکی قێزەونی نەویستراوە لەژێر کایەو سیستەمی دەوڵەت قەدەغەکراوە، بەجۆرەها شێواز پێشی لێدەگیرێ و هەوڵی نەهێشتن یان کەمکردنەوەی دەدرێت و یاساش فاکتەری سەرەکی پاراستنی گیان و سامانی هاوڵاتیانە و هەر بە یاسا دەتوانرێ سنورێك بۆ تاوانباران دابنرێ تا دووربکەونەوە لە تاوان و ئەنجامینەدەن)). (مضفرخالد عبدالرحمن:٢٠٢٠:٣٦). ناسراو بە (شاخەوان خالید)

(تاوان بەرهەمی کۆمەڵێك پرۆسەی جۆراوجۆری کردارو چالاکی مرۆییە کە دژی یاسای باوی کارپێکراوی کۆمەڵگەکەیە، کردارێکە لەلایەن کەسێك یان چەند کەسێك لە دژی ئەویتر ئەنجام دەدرێت، کە هەڕەشە لە بوون و خاوەندارێتی کەسەکە دەکات کە بەڕیگای ئاسایی ئەو ئامانجە نایەتە دی). )
http://www.basnews.com/so/babat/٣٠٣٩٤١_ ).

ئاسانترین شت بۆ ئەوەی تاوان بناسینەوە ئەوەیە کە ئەو شتە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ کەسێکی تر، ئیتر کوشتن یان ئازارگەیاندن بە گیان یان نەفس یان دزی، هەر تاوانێك بێت، ئەو کەسەی کارەکە ئەنجام دەدات بە تاوانبار دەناسرێت، نوسەرێك لەم بارەیەوە دەڵێت: ((تاوانبار: بەرهەمی کۆمەڵگاکەیەتی بەو وەسفەی ئەندامێکە لە نێو گروپەکەیدا و تاوانەکەشی کردەیەکە دژ بە یاساکانی ئەو گروپە، یان کردەیەکی دژ بە کۆمەڵە). (سابیر بەکر:٢٠٠٢:٧٦).

ڕاستە تاوان لە هەموو کۆمەڵگایەك ڕوودەدات، بەڵام ڕێژەکەی و هۆکارەکان و شیوازی کۆنترۆڵکردنی لە کۆمەڵگاکاندا جیاوازن و هەر بوارێك کە لە ژیان هەیە

دەکرێت ببێتە هۆی تاوان هەر لە ناوەوەی خێزان و دەرەوەی خێزان واتە کۆمەڵگا و هەموو هۆکارەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆژیاش، شیکردنەوەی پاڵنەر و هۆکارەکانی ڕودانی تاوان ئاڵۆزە بە هۆی جیاوازی جۆری تاوانەکان و ئەو کۆمەڵگایەی کە تاوانەکە تێیدا ڕوودەدات، لەم بارەیەوە نوسەرێك دەڵێت: (( هۆکاری بەرپرسیار لە هەڵکشان و زیادبوونی گیانی تاوانکاری و کوشتار لە هەموو کۆمەڵگاکانی دونیادا چەند هۆکارێك هەن: دابونەریتی کۆمەلایەتی، خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، پەروەردەی خێزانی، ڕۆڵی دەسەلات لە سەروەرکردنی یاسای پێشکەوتووی جێبەجێکردنی چەسپاندنی سزادا، باری ئابوری کە گرنگترینیانە، تاوان پەیوەندی بە پێشکەوتوی و دواکەوتوی کۆمەڵگاوە نیە)).

. ( http://xelk.org/٨١٨٢/ )

گەر باس لە جیاوازی تاوان بکەین لە نێوان شەریعەت و یاسادا دەبینین لە چەنەها ڕووەوە جیاوازن یەکێك لەوانە ئەو پەیوەندیانەی شەریعەت لە خۆی گرتووە زۆر فراوانترە لە یاسا، چونکە یاسا تەنها گرنگی  بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ دەدات، بەلام شەریعەتی ئیسلامی سێ پەیوەندی ڕێکدەخات ئەویش مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، مرۆڤ لەگەڵ خودای خۆی، مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی، کاتێك کەسێك بیر لە تاوان دەکاتەوە یان تاوانێك دەکات شکاندنی یاساکە ئاسانترە بۆی وەك لە شەریعەت، چونکە شکاندنی یەك بازنەی پەیوەندی ئاسانترە لە سێ بازنە، وە لە یاسا تەنها سزای دونیای بوونی هەیە، بەلام لە شەریعەت ئەگەر لە سزا دونیایەکەش ڕزگاری ببێت بە هەر هۆکارێك بێت، سزای دوارۆژ چاوەڕێیەتی،

کەواتە تاوان ڕەفتارێکە یاسا قەدەغەی کردووە، لە هەرێمی کوردستانیشدا وەك هەر ولاتێکی تر بەدەر نییە لە کاری تاوانکاری و ڕۆژانە لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، ولاتە عەرەبییەکانی وەك عێراق و سوریا و ولاتانی ڕۆژئاوا، ئەمریکا، ئەمانە نمونەی هەرە دیاری تاوانن و سەرقافڵەن لە لیستی تاوانکاریدا، تاوان چەند جۆرێکی هەیە کە ئاماژە بە جۆرەکانی دەکەین.

## ١-٢/١) جۆرەکانی تاوان

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تاوان، هەموو ئەو کردەوانەیە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت دژ بە یاساکانی وڵاتێك یان ناوچەیەك، لەوەتەی کۆمەڵگا هەیە و تاکەکانی ئەو کۆمەڵە پێکەوە دەژین لە ئەنجامی بەرکەوتن و بەرژەوەندییەکانیان تاوان بوونی هەبووە، ئەمەش بۆ کۆمەڵگا چاوەڕوانکراوە.

چەند جۆرێکی جیاوازی تاوان هەن، تاوانەکان بە گشتی دابەش دەبن بۆ دووجۆر، کە ئەوانیش تاوانی زمانی(ئاخاوتن) و تاوانی کرداری، ئەو تاوانانەی کە کردارین سزایان قورسترە وەك لەوەی کە ئاخاوتن یان نوسینن. تاوانە کردارییەکان هەم لەناو کۆمەڵدا بێزراون، هەم لە ڕووی ئاینیشەوە قورس لەسەر کەسی بەرانبەر دەکەوێت. تاوانە کردارییەکان وەك ( کوشتن و لێدان و دزیکردن...، یان ئەوانەی لە ئیسلام قەدەغەکراون وەکو زیناکردن...هتد) ، بەڵام ئێمە لەسەر تاوانە کردارییەکان ناوەستین، لەبەر ئەوەی توێژینەوەکەمان تاوانی زمانییە، بۆیە گرنگی بە تاوانی زمانی دەدەین. ئەوەی گرنگەو پەیوەستە بە بابەتەکەو پێویستە ئاماژەی پێبکەین، ئەو تاوانانەن کە لە ڕێگەی زمان و ئاخاوتنەوە ئەنجام دەدرێن وەك (جنێودان، هەڕەشەکردن، ناوزڕاندن) کە هەریەکەیان زیانی خۆی هەیە و کاریگەری خراپ جێدەهێڵن، وە ئەم تاوانانەن ئەوانەن کە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێن.

**جنێودان:** دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و گرێیەکی دەروونیە، زۆرێك لە مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیان پەنای بۆ دەبەن، بە پێی شوێن و داب و نەریتی تاکەکان جیاوازی کلتورەکانیان جنێو دەدەن، واتە جنیودان ((بریتیە لەوەی کەسێك قسەیەك بە یەکێك بڵێت کە ئابڕووی یان پێگەی لەکەدار بکات یان هەستی بریندار بکات، یان ناوبانگی بزڕێنێت)). ( عبدالصمد محمد:٢٠١٥:٢٧٦).

ئەو کەسانەی کە پەنا بۆ جنێو دەبەن ئەو کەسانەن کە توڕەبوونیان زۆرە و ناتوانن کۆنترۆڵی توڕەیی خۆیان بکەن، یان ئەو کەسانەی کە ناتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و بیرکردنەوەیان بە گوێرەی پێویست نییە، یان ناتوانن ڕووبەڕووی

کەسەکان ببنەوە. بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئەم توڕەبوونە و دامرکاندنەوەیان، پەنا دەبەنە بەر جنێودان ، هاوکات هەندێك جار دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی کەسەکە یان باری دەروونی تەواو نییە. لە ئەنجامی جنێوداندا، کۆتای بە گفتوگۆ دێت و هیچیان لێبەرهەم نایەت جگە لە دەرخستنی ئاستی پەروەردە و ڕۆشنبیری و ڕەوشتی کەستی جنێودەر.

گفتوگۆی یەکهەم

- لە پەیوەندییەکەدا پێت وتم سووخۆر.

- من بۆیە وام بە تۆ وت، تۆش بە منت وت قەحپەی کچی قەحپە.

لە گفتوگۆی یەکهەمدا دەبینین تاوانی زمانی لە جۆری جنێودان زۆر بە ئاشکرا دەبینرێت کە لە ڕستەی یەکەم ئافرەتێك جنێوی بە پیاوێك داوەو پێی وتووە (سووخۆر) وەك ئیهانەیەکە ، بۆیە وەك لە ڕستەی دووەم ئاماژەی پێ کراوە پیاوەکەش جنێوێکی بە ئافرەتەکە داوەو پێی وتوە ( قەحپەی کچی قەحپە) کە لێرەدا بە ئاشکرا جنێوەکە دیارەو تاوانێکی زمانی ئەنجام دراوە. کەواتە جنێو ئەو دیاردە ۆمەڵایەتییەیە کە زۆر دیارە و ڕۆژانە چەند بارە دەبێتەوە و بۆتە خوویەکی کۆمەڵایەتی خراپ.

**هەڕەشەکردن:** جۆرێکی دیکەیە لە جۆرەکانی تاوان، کە کەسێك یاخود لایەنێك بەکاریدەهێنێت لە بەرانبەر ئەویدی بە مەبەستی هێنانەدی بەرژەوەندی و خواست و داوایەکی دیاریکراوی خۆی، لە ئەنجامدا ئازارو کێشەو گرفتی جۆراو جۆر دێنێتە ئاراوە و باری نا ئارامی و نا سەقامگیری لە لای تاك و خێزان و کۆمەڵ دروست دەکات.

(( هەڕەشەکردن، کەسی بەرامبەر یان تاوانلێکراو بێزار دەکات کەوا کاریگەری لەسەر دەروونی دروست دەکات و ترس دەخاتە ناو دڵی یان مەترسی لەسەر ماڵی دروست دەکات)). (کەلسوم خالید:٢٠١٢:٦) . کەواتە هەڕەشەکردن پەشێوی دەنێتەوە و کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی تاوانلێکراو هەیە یاخود مەترسی لەسەر ماڵ و گیانی پەیدا دەبێت، هەڕەشە کردنیش بە چەند ڕێگایەك دەبێت، یان بە نوسین دەبێت یان بە قسەکردن.

گفتوگۆی دووهەم

- من ئێستا لە دەستما نییە ئەو پارەیەت بدەمەوە.

- ئەو پارەیەم نەیەیتەوە، ئەتکوژم!

لە گفتوگۆی دووهەمدا ڕوون دەبێتەوە کە کەسێك پارەی لای کەسێکی دیکەیەو لە توانایدا نییە پارەکەی پێباتەوەو دەڵێت (من ئێستا لە دەستما نییە ئەو پارەیەت بدەمەوە) وە کەسەکەی بەرانبەر هەڕەشەی ئەوەی لێدەکات گەر ئەو پارەیەی نەیاتەوە دەیکوژێت.

**ناوزڕاندن:** وەکو دوو تاوانەکەی دیکە یەکێکی دیکە لە جۆرەکانی تاوان ، ناوزڕاندنە کە کە بریتییە لە شێوازێکی قسەکردن لەسەر کەسێك کە تیایدا بمانەوێت لە ڕووی پێگەو ناموس و دەروونییەوە، لەناو کۆمەڵدا بیشکێنین و سوکایەتی پێبکەین. بەواتا هەموو جۆرەکانی لەکەدارکردنی ناوبانگی کەسەکان دەگرێتەوە، لە ڕێی بڵاوکردنەوەی قسە و نوسینەوە. یان دەتوانین بڵێین: ( کەسێك بە ئاشکراو بە ئەنقەست ڕووداوێکی دیاریکراو بداتە پاڵ کەسێکی ترەوە، ئەگەر ڕاستبێ دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەسە سزا بدرێت یا لەلایەن خەڵکی هاونیشتیمانەکەی سووکایەتی پێ بکرێت). (سردار عزیز خۆشناو: ٢٠١٢:٢٧٣).

لەدەوروبەری ساڵی (١٩٣٠) زاراوەیەك هەبوو بە ناوی (تیرۆری کەسایەتی). کە دوو جۆر تیرۆر هەیە، تیرۆری جەستەی و تیرۆری مەعنەوی(کەسایەتی)، لەسەر ئەوەی کە کامیان مەترسیدارترن وتراوە، تیرۆری کەسایەتی مەترسیدارترە لە جەستەی، کاتێك کەسێك تیرۆری جەستەی دەکرێت دەبێتە پاڵەوان واتە ئەو کەسانەن کە لە ڕێگەی حەقدا دەکوژرێن. بەڵام تیرۆری کەسایەتی و مەعنەوی دەیەوێت بە زیندووی بیکوژێت، دەیەوێت لەکەداری بکات و ناوی بزڕێنێت، ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات وادەزانێ ئامانجەکەی دەپێکێ لەڕێگەی ئەم ناوزڕاندن و تشهیرەوە.

ناوزڕاندن دەبێت بە بەڵگەوە بێت، واتە دەبێت بەڵگەی هەبێت کە ناوی زڕاوە، ئەگەر بەڵگەی نەبێت دەبێتە تاوانی جنیودان واتە لە جنێودان بەڵگە نییە، تەنها

قسەیەکی ئاخاوتنییە، واتە تاوانی ناوزڕاندن بەوە جیاوازە لە تاوانی جنێودان کە ناوزڕاندن بەڵگەی هەیە بەڵام جنێودان بەڵگەی نییە.

بۆ نمونە دەتوانین بڵێین، فلان وەزارەت یاخود فڵان فەرمانگە گەندەڵی بەڕێوەبردن و بەهەدەردانی پارەی تێدایە. ئەمە ئازادی ڕادەربڕینە. بەڵام ناتوانین بڵێین، وەزیری ئەو وەزارەتە یان بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە گەندەڵە و پارە بەهەدەر دەدات. ئەمە تاوان دروست دەکات و ئازادی ڕادەربڕین نییە، بەڵکو ناوزڕاندن و تۆمەتی دروست کردووە ئەگەر بەڵگەی تەواوی نەبێت، واتە پێویستی بە بەڵگەیە.

جۆرەکانی تاوان لە زماندا بەشێکیان لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە ڕوودەدات، ئەم جۆرە تاوانەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پێوەرەکانی ئاخاوتن جێبەجێ ناکرێت، بۆ زیاتر شیکردنەوەی پێوەرەکانی ئاخاوتن لە دواتردا ئەم بابەتە شیکردنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت.

# بەشی دووهەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی تاوانە زمانییەکانی نیوان کۆمەڵی کوردەواری

# بەشی دووهەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی تاوانە زمانییەکانی نیوان کۆمەڵی کوردەواری

١/٢) پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن

٢/١-١) کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

٢/١-٢) بنەما زمانەوانییەکانی پەیوەندیدار بە کردە کۆمەڵایەتییەکان

٢/٢) پەیوەندی نێوان زمان و تاوان

٢/٢-١) هۆیەکانی تاوانی زمانی

٢/٢-٢) پەیوەندی واتای پەیوەست بە تاوانی زمانیەوە

٢/٢-٣) شیکردنەوەی ئاخاوتنی تاوانی زمانی لە زمانی کوردیدا

٢/٢-٣-١) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نیوان منداڵان

٢/٢-٣-٢) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نیوان توخمی مێ و مێ

٢/٢-٣-٣) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نیوان توخمی نێر و نێر

٢/٢-٣-٤) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نیوان توخمی نێر و مێ

٢/٢-٣-٥) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە شوێنە گشتییەکان

## ١/٢) پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن

هەر کۆمەڵگاو کلتورێك خاوەنی ڕێساو یاسای تایبەت بە خۆیەتی بۆ ئاخاوتن، مرۆڤ زمان لە کۆمەڵەوە وەردەگریت بۆیە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیش یەکێکن لەو هۆکارانەی کە لە ئاخاوتن پەیڕەو دەکرێت، ئاخاوتن کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەرهەمی تاکە کە لە کۆمەڵدایە، ژیان و گوزەران لەگەڵ مرۆڤەکانی تر بەبێ ئاخاوتن و قسەکردن تەواو نابێت، قسەکردن تەنیا بریتی نییە لە دەنگ و وشە، بەڵکو بریتییە لە دەربڕینی هەست و بیرکردنەوەو دەربرینی کەسایەتی مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤەکانی تر. نوسەرێکیش دەربارەی قسەکردن دەڵێت:(( قسەکردن (الکلام- **parole**) بریتییە لە لایەنی ماددی کە مرۆڤ لە پەیوەندی کردندا بەکاری دەهێنێ، واتە قسەکردن کردەیەکی ڕۆژانەیە بەهۆی بەیەکگەیشتن و بەرەنگارییەوە دێتە کایەوە)). (ڕەفیق شوانی:٢٠٠٩:١٩). کەواتە قسەکردن گرنگترین ئامڕازە کە تاك لەڕێگەیەوە وێنای کەسایەتی خۆی دەکات و تا بەرانبەرەکەی لە ڕێگەی ئەوەی چی دەڵێت و چۆن دەیڵێت گەڵی بسەنگێنێت.

مرۆڤ کاتێك قسە دەکات یان قسەی بۆ دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانیاریی و بیرو یاساو ڕێسایانەی کە لە مێشکیدا جێگیربووە و لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگونجێت، (( پابەندێتی تاك بە یاساو پێوەرەکانی قسەکردن ئاست و پێگەی لە کۆمەڵدا دیاری دەکات)). (شیلان عوسمان:٢٠٠٩:٦٠). نوسەرێکیش دەڵێت:(( نابێت پەیوەندی ئاخاوتنی سەرکوت بکرێت، بەتایبەتی لە نێوان ئەندامانی خێزاندا، چونکە ئەگەر نەتوانرا پەیوەندییەکە وەك پێویست بێت، کاریگەری و لێکەوتەی تری لێدەکەوێتەوە وەك خەمۆکی یان زۆربڵێی و خۆخواردنەوەو ڕقهەستان و توڕەبوون وزویربوون) ،

( https://www.khaktv.net/all_detail.aspx?jimare=٤٠٢٦&type=komalayati ). واتە پێویستە پەیوەندیەکی دروست لەنێوان خێزان واتە ژن و پیاو هەبێت، تا خاڵی لەیەکتر تێگەیشتن و خۆشەویستی فراوانتر ببێت، دواجاریش پەیوەندی قسەکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵەکانیان و منداڵەکانیش لەگەڵ دایك و باوکیان بەردەوامبێت.

یان هەر پەیوەندیەکی دیکە بۆ نمونە مامۆستا لەگەڵ خوێندکارەکانی ، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەم پەیوەندیانە بەبێ ئاخاوتن نابێت، پێویستە وردو لێزانانە بێت بۆ دەربڕینی هەست و بۆچونەکانی خۆت.

ئەم پێوەرانەش لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازە، کۆمەڵگای کوردیش وەك هەر کۆمەڵگایەکی دیکە خاوەنی کۆمەڵێ پێوەری ئاخاوتنە، وەك (زۆرگوتن، کەمدوویی، قسەپێ برین، گوێگرتن، دەنگ بەرزکردنەوە، پرسیارکردن،درۆکردن، ڕستگۆی، گەیاندنی زانیاری، توخم، ئاستی ڕۆشنبیری، پلەو پایەی کۆمەلایەتی، کاروپیشەی جیاواز..هتد) ئیمە لێرەدا باس لەهەندێکیان دەکەین کەلەگەڵ تویژینەوەکەمان گونجاوە .

## هەندێك لە پێوەرەکان:

١- زۆرگوتن(زۆر بڵێی): کارێکی دروست و پەسەند نییە و خەڵك بێزار دەکات، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دروست دەکات بەهۆی ئەوەی قسەکەر گرنگی بە ڕای گوێگر نادات و ڕاگۆڕینەوە دروست نابێت، بەمەش پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لاواز دەبێت و پەکی دەکەوێت، زۆر جاریش کەسی زۆر بڵێ لەو مەرج و یاسا کۆمەلایەتییانەی کە کۆمەڵ بۆ قسەکردن لەسەری ڕێککەوتوون، لادەدات، ((کۆمەڵی ئێمە وای پێ باشە کە گوێگرچەند گوێ لە قسەکەر ڕادەگرێ، دواتر ئەویش بوار بدات و ببێتەوە بە گوێگر بۆ ئەوان، نەك بواربەکەس نەدات قسەبکات. بە پێچەوانەشەوە کۆمەڵی وا هەیە بە کەمدویی بەناوبانگن و زۆر حەز بە ئاخاوتن ناکەن، وەك هۆزی (پۆلیا) لە باشوری هندستاندا)). (هێمن عەبدولحەمید:٢٠١٣:٤٧). ئەم کۆمەڵەیە ئاوەڵناوی (چەنەبازی) بۆبەکاردێت لەناو خەڵکدا.

"لیچ" پێی وایە ((پێویستە تاك خۆی لابدات لە بێدەنگی (**ovoid silence**) لەبارە نێگەتیڤەکەیدا، بەردەوام بێت لە قسەکردن (**keep talking**) لە بارە پۆزەتیڤەکەیدا)).(ئاڤێستا کەمال:٢٠٠٦:١٣٩). واتە دەبێت مرۆڤ لە ئاخاوتن و پرۆسەی قسەکردنەکەدا هاوسەنگی دروست بکات کە لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا گونجاوە، چونکە گەر

بەردەوام بێت لەسەر زۆربڵێی قسەی نەشیاویش دەکات و تاوانی زمانیش دینێتە ئاراوە و دەبێتە کێشە بۆی.بۆ نمونە:

١.أ: ماڵی ئاوابێت، مەجالی کەس نادا.

١.ب: هەرچی بەسەر زاریدا بێت، نایگێڕێتەوە.

١.ج: بەڕووی لەدەما تەقیوە.

ئەمانە کۆمەڵێك دەربڕاون کە بۆ کەسی زۆربڵێ بەکاردێت و لە بەرانبەر ئەو قسە زۆرانەی کە دەیکات بە نمونەیەك گفتوگۆی نێوان دووکەس باس دەکەین.

گفتوگۆی سێهەم

- دەزانیت ئازاد ئەو پیاوە زۆر چەنەبازە.

- وەڵا ڕاست دەکەیت سامان منیش هەستم بەوەکردووە ، هەق وایە بەخۆیدا بچێتەوە.

کاتێك تەماشای گفتوگۆی یەکەم دەکەین، لەئەنجامی ئەم گفتوگۆیە دەبینین ئەو کەسە قسەکەرێکە زۆردەڵێت و خەڵکی بێزار کردوە بە قسەکانی ، لە نێوان ئەم دوو کەسەدا  کەسایەتییەکی نەرێ دەرچووە لایان، کە خەڵکی حەز بە قسەکردن ناکەن لەگەڵی و دەزانن کە بێزارکەرە و بەردەوام قسە دەکات.

٢- کەمدویی: کەمدویی یەکێکی دیکەیە لە پێوەرەکانی ئاخاوتن، کە پەیوەندی بە چەندێتی قسەکردنەوە هەیە، کە تاك بەپێی پێویست قسە ناکات و دەربڕینی نییە واتە کەم قسە دەکەن، لەم پیوەرەشدا خەڵکی پێچەوانە هەیە وەکو((هۆزی (ڕۆتی) لە ڕۆژهەڵاتی ئەندۆنیسیا کە قسەکردن بە خۆشی  ژیان دەزانن و چیژی لیوەردەگرن)). ( هێمن عەبدولحەمید:٢٠١٣:٤٧). کەسی کەمدوو بەهۆی چەند هۆکارێکەوە قسەو ناکات(لوتبەرزولەخۆباییە، خەمۆکی و دڵتەنگی هەیە، بێدەنگی وەك خوی لێهاتووە لای گوێگر، نەبوونی بەرژەوەندی لە قسەکردن). (شیلان عوسمان:٢٠٠٩:٦٤).

((بێگومان دەتوانین بڵێین لە لای هەموو یاخود زۆربەی کۆمەڵەکانیش کورتبڕی پەسەندا، بەڵام درێژدادڕیو زۆربڵێی لای کۆمەڵانی مرۆڤ ناپەسەندە، چونکە پێچەوانەی

یاساکانی ئاخاوتنه که زەمینەسازیی بۆ ئاخاوتنی بەرامبەر خۆشدەکات و قسەکردن بە نۆرەیە)).(ئارام عەبدولواحید:٢٠١٣:٢٧٠). کەمدوی پەیوەندی کۆمەڵایەتیش لاواز دەکات چونکە قسەکەر ئامادە نییە قسە بکات و بەمەش پەیوەندی دروست نابێت، گەر پەیوەندیش نەبێ گفتوگۆو ئاخاوتن بە ئەنجام ناگات. بەڵەم هەندێکی دیکە قسەکردن کە کەمدویی لایان باشترە، چونکە لەوانەیە خەم و دڵتەنگی و کێشە لەی تاك دروست بکات.

١.أ: زمانی لەدەم دا نییە.

واتە کەسێکە ناتوانێت قسە بکات، لە کۆبوونەوەو بۆنەکۆمەڵایەتییەکاندا ناتوانێت بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێت،ناتوانێت قسەی خۆی بکات، کە دەچێتە پرسەیەکەوە ناتوانێت بڵێت (خوای گەورە لێی خۆشبێت، هاوبەشی خەمتانین..) یان لە شایدا بڵێت ( بە خۆشی بێت، لێك بحەسێنەوە، بە دایکی منداڵان بێت..).

گفتوگۆی چوارهەم

- شارا کچێکی زۆر لە خۆباییە.

- من وای نابینینم، ئەو تەنها کچێکی کەمدووە و حەزی بە قسەکردن نییە.

لە گفتوگۆی دووەمدا دەبینین، بە هۆی ئەوەی (شارا) کەمدووەو کەم قسەدەکات، خەڵکی بە جۆرێکی دیکە لێی تێگەیشتون و وا دەزانن کەسێکی لە خۆبای و لوتبەرزە، کەواتە کەسێکە کە لەناو خەڵکیدا بە پێی پێویست قسە ناکات و کەمتر لەوە قسە دەکات کە ئەمەش لەیەنی نەرێنی خۆی هەیەو تێڕوانین و لێکدانەوەی خەڵکی بەرانبەری گۆڕاوە.

زۆربڵێی و کەمدویی هەردوکیان بێزارکەرن، ئەو کەسەی کە زۆر دەڵێت گوێگر بێزار دەکات، ئەوەشی کەم دەڵێت مەجلیسی خۆش نییە و دەبێت بە زۆر قسەی لیدەربکرێت، کەواتە هەردووکیان بێزارکەرن، بەڵام لەوەدا جیاوازن زۆر بڵێ لە کات و شوێنی دیاریکراودا قسە ناکات بەڵکو بەردەوام قسە دەکات، مرۆڤ دەبێت بەپێی پێویست قسە بکات، بە پێی کۆمەڵێك پێوەر قسە بکات و لەکاتی قسەکردنەکەشدا دڵی کەس

نەڕەنجێنێت و خەڵکی بێزار نەکات، زۆربڵێ ئەوەندە قسەدەکات سەرت پێیدێشێ، کەسی کەمدوش بێحەوسەڵەو ماندووت دەکات، هەردووکیان لایەنی سلبی زیاترە.

٣- قسە پێبڕین: یەکێکی دیکەیە لە دیاردە ناپەسەندەکان، کەسی خوێندەوارو ڕۆشنبیر زیاتر ڕەچاوی ئەم پێوەرە دەکات واتە ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بێت، لە قسەکردنی ئاسایدا هەندێك جار قسە پێبڕین ئاساییە و پێویستە دەوترێت: (( (قسەی خۆت لەدەما بە شەکر بێت) واتە قسەی خۆت لەبیر نەچێتەوە، یارمەتی منیش بدە قسە بکەم )). (هێمن عەبدولحەمید:٢٠٠٦:٤٨).

هاوکات هەندێك جاری تر کەسەکە لە هەڵەشەی خۆی و تێنەگەیشتن یان بە مەبەستی لەکەدارکردنی بەرانبەر بۆ وەڵامدانەوە قسە بە بەرانبەرەکەی واتە قسەکەر دەبڕێت یان بە هۆی ((لێنەهاتووی گوێگر لە بواری پەیوەندیکردندا)).(شیلان عوسمان:٢٠٠٩:٦٢). واتە  شارەزای پێوەرەکان و پرۆسەی پەیوەندیکردن و ئاخاوتن نییە و زۆر جار بە قسە پێبڕین دەوترێت (دەم کوتکرا).

گفتوگۆی پینجهەم

- دەزانی ئارام ئەمڕۆ هەورو هەڵایە...

- شەویش بارانێکی زۆر باری.

لێرەدا دەبینین کەسێك قسەیەکی کردووە بەرانبەرەکەشیکە ئارامە واتە گوێگر یەکسەر قسەکەی پێ  بڕیوەو  بۆچوونی خۆی دەربڕیوە، کە قسەکەر دەڵێت (ئەمڕۆ هەورو هەڵایە )گوێگر یەکسەر باس لەوە دەکات کە شەو باران باریووەو ئێستاش ئەگەری باران بارین هەیە.

٤- توخم: ئاخاوتنی توخمی نێر و توخمی مێ جیاوازن لەیەکتر، لەڕووی دەنگ و شێوازی قسەکردن و دەربڕین بە پێی بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و کات و شوێن جۆراوجۆرە و دەگۆڕێت، لە ڕووی دەنگەوە دەنگی ئافرەت تیژترە ، ئاخاوتنی هێمنترە

،ئاوازی دەنگی نەرم و بەسۆزترە لە هی پیاو، (( ئاخاوتن لای مێینە سۆزو عاطیفە و خۆشەویستی تیا بەدی دەکرێت وەك لە نێرینە)). (گۆران کوردی:٢٠١٣:١٢٣). هاوکات دەربڕینەکەش جیاوازە کچان لە دەربڕین وردو چڕترن جیاوازی شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێ لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی دەربڕینەکاندایە کە هەریاکەیان هەنێك دەربڕین بەکاردێنن ئەویدیکە بەکاری ناهێنن وەك تایبەتمەندی لێ هاتووە،(( جیاوازی نێوان دەربڕینەکانی ژنان و پیاوان، بە زیاتر لەیەکدابڕان و بەندکردنی ژن لە ژوورەوە زیاتر دەبێت. بە پێچەوانەشەوە تاکو زیاتر ئازادیی ژن دەستەبەربکرێت و بواری کرانەوەو کەرکردنی لەگەڵ پیاودا زیاتر بۆ بڕەخسێت و بەشداریی بوارەکانی ژیان و خۆشی و ناخۆشییەکانی پیاو بکات،جیاوازییەکان کەمتر دەبنەوە )). (هێمن عەبدولحەمید:٢٠٠٦:٤٢). هەندێك ئاخاوتن هەیە توخمی مێ بەتایبەت بەکاری ئەهێنێت وەك (ئەیەڕۆ، نەژیم، دەستی شکاوم، خەجاڵەت خۆم..هتد) دەربڕینی ئەم ئاخاوتنانە لای توخمی نێر بەکارنایەت. توخمی مێ زیاتر وشەی(خاتون، خانم، دادە..) بەکاردێت، بەلاَم توخمی نێر زیاتر وشەی (کاك ، بەڕیز گەورەم..) بەکاردێت.

گفتوگۆی شەشهەم

- خاتوو سارا بەخێربێیت بۆ زانکۆ.

- سوپاس کاك ئازاد ئێوەش بەخێربێن.

دەبینین لە ڕستەی یەکەم وشەت خاتوو بۆ توخمی مێ بەکارهاتووە و وشە کاك بۆ توخمی نێر بەکارهاتووە، دەربڕین و ئاخاوتنەکە جیاوازە کەواتە جیاوازی بونی هەیەو لەگەڵ کەسێکی توخمی مێ جۆرێك دەربڕاو بەکاردێت و لەگەڵ توخمی نێر جۆرێکی دیکەو وەك وتمان وەك تایبەتماندی لێهاتووە. یان گەر پرسە وەربگرین بۆ توخمی مێ دەبینین هەنێك دەربڕاویان هەیە زۆر جیاوازە لە توخمی نێر کە دەڵێن:

گفتوگۆی حەوتهەم

- ئەڵێن ئازاد مردووە.

- ئەیەڕۆ،دایکی بمرێت، کوڕێکی زۆر باش بوو.

- نەژیم بۆ ئەو کوڕە باشە.

تاوانی زمانیش زۆر جار لەنێوان توخمی نێر و مێ ڕوودەدات، بە هۆی بەرکەوتن و ئیش و کارەوە، واتە دەکرێت تاوانی زمانی لە نێوان توخمی نێر و مێدا ڕووبدات، بۆنموونە:

گفتوگۆی هەشتهەم

- ئەمڕۆ بۆچی درەنگ هاتی؟

- تۆزێك سەرقاڵبووم.

- ژنانی ئەزانم لەکوێ بوویت.

- ئەزانی قسەکردنت لە ئافرەت ناچێت، بە تۆ چی؟

لێرەدا گەر سەیر بکەین یەکسەر دەزانین کەسێکی توخمی مێ بە توخمی نێر دەڵێت کە تەبیعەتی ژنانەیە ،و لە قسەکردنەکەی ڕاست ناکات ، وە لە ڕستەی دواتردا توخمی نێر بە توخمی مێ دەڵێت کەلە ئافرەت ناچێت ،واتە وەك پیاوە لە ڕەفتارو قسەکردنی لێرەدە وەك ناوزڕاندن هەردووکیان بەکارهاتوون بۆ لەکەدارکردنی یەکتری.

٥- ئاستی ڕۆشنبیری: کەسانی ڕۆشنبیر خاوەنی بڕوانامەو پلەی زانستی و ئەدەبین،مەرجیش نییە تەنها ئەو کەسانەی خاوەنی بڕوانامە بن ڕۆشنبیر بن،هەندێك کەس خوێنەواری نییە ڕۆشنبیریشە،بە هۆی ژیانکردنی لەگەڵ کەسانی دیکەو ئەزموونکردنی لە ژیان، کاتێك کەسێك ئاخاوتن دەکات واتە لە پرۆسە قسەکردندایە ڕادەی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خۆی پیشان دەدات، شوێنی ئاخێوەرەکەش کە لێی نیشتەجێیە کاریگەری لەسەر قسەکردنەکە دەبێت، لە قسەکردنەکەدا یەکسەر کەسانی خوێندەوارو نەخوێندەوار جیادەکرێنەوە، لە خوێندەواریشدا بە پێی پلەکان شێوازەکە دەگۆڕێت.

ڕۆشنبیری بریتییە لە ((کۆی هەموو ئەو شتانەی تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو فێریبونە، لە جۆرەکانی ژیان و شێوازە هزری و زانیاری و باوەڕەکانیان لەگەڵ هەست و ئاراستەو بەهاو شێوازە ڕەوشتەکانیان دەگرێتە خۆی کە بەکاری دەهێنن لە ماوەی کارلەیەککردنیان لەگەڵ یەکتر)).(دەلال محسن:٢٠١١:٢٢٥). واتە زۆربوونی ڕۆشنبیری بەدرێژای دەبێتە هۆی خێرای فێربوون و زۆربوونی شارەزایی لەڕێگەی سوود وەرگرتن لە زانیاری و شارەزایی نەوەکانی پێشوو، ئەم ڕۆشنبیرییەش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئەم کۆمەڵەیە حەز بە دەسەڵات و پلەو پایە ناکەن دوورن لە بەکارهێنانی هەندێك دەستەواژەی وەك ((دەستت ماچ دەکەم، خزمەتکارێکی تۆمان بووە، کارەکەرێکی تۆمان بووە،...)).(هێمن عەبدولحەمید:٢٠٠٦:٤٥).

گفتوگۆی نۆهەم

- بێزەحمەت ئەتوانیت بەجێمانبهێڵیت؟

- بەڵێ بەسەر چاو.

گفتو گۆی دەیەهەم

- هەستە بڕۆ دەرەوە.

- ئەوا چوومە دەرەوە.

لە گفتوگۆی نۆهەمدا دەبینین ڕێزی زۆرتری تیایە، ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی بەرزە هاوکات شیوازی ئاخاوتنەکەی لە ئاستێکی بەرزدایە، هەردوو وشەی ( بێزەحمەت – ئەتوانیت) بەکارهاتووە. بەڵام لە گفتوگۆی دەیەهەمدا دەبینی، ئاستی ڕۆشنبیریەکە زۆر سەرەتاییە، و ڕێزی کەمتری تێدایە. واتە بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری شێوازی ئاخاوتن و قسەکردنەکە دەگۆڕێت و بۆمان دیاری دەکات ئاستی ڕۆشنبیریەکە لە چ ئاستێکدایە.

٦- پلەوپایەی کۆمەڵایەتی: پلەوپایەی کۆمەڵایەتیش وەك هەریەك لە پێوەرەکانی تر کاریگەری لەسەر شێوازی ئاخاوتنی تاك هەیە، هەرکەسیك بە پێی ئەو ئاستەی لە

کۆمەڵ هەیەتی ئاخاوتن دەکات واتە ئاستی بەرزو مامناوەند و نزم، واتە هەتا پلەوپایەی کەسەکە بەرز ببێتەوە شیوازی قسەکردن و ئاخاوتنەکەشی دەگۆڕێت و گۆرانی بەسەردا دێت، لە قسەکردنیشدا بۆ نمونە کەسێکی کاسبکار پێویستە زۆر قسە بکات یان مامۆستایەك لە پیشەکەی خۆیدا قسە دەکات کە دەچێتە بازاڕیش پیویستە وەك کاسبکارێك قسە بکات ، واتە بە پێی شوێن و بۆنەکانیش قسەکردنەکە دەگۆڕێت .

لەلایەکی ترەوە ((پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، پلەکانی ئاخاوتن دیاریدەکەن، وەك فەرمانکردن ،داواکردن، تکاکردرن و پاڕانەوە، هەریەکەیان شێوازی تایبەتیان هەیەو بەرزی و نزمی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لە پلەکانی ئاخاوتندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت)).(هێمن عەبدولحەمید،٢٠٠٦:٤٣). واتە بەپێی پلەوپایەی مرۆڤ شێوازی قسەکردنی لە فەرمانکردن و داواکردن... دەگۆڕێت، بە شێوازی قسەکردنەکەی دەزانرێت سەر بەچ ئاستێکە.

لێرەوە گەشتین بەو ئەنجامەی، کاتێك ئێمە قسە دەکەین زمان دەگوازینەوە بۆ ئاخاوتن، پێویستە لەکاتی قسەکردنەکەدا ڕەچاوی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن بکرێت. بە شیوازێکی دروست بەکاربهێنرێن تا گفتوگۆ دروست ببێت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەش پتەوبکرێت. هاوکات زمانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پەیوەندییە کۆمەڵآیەتییەکاندا.

## ١/٢-١) کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەی پێشکەوتن و گەشەی بیرو تێگەیشتن و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی مرۆڤە، هەروەها ڕاپەڕاندنی سەرەکی کاروباری ڕۆژانەی خەڵکیشە، لەبەر ئەوە لە چەندین بوارو کایەی ژیانی مرۆڤ لە پەیوەندیدایەو ڕۆڵی هەیە وەك(زمان و بیر، زمان و ئاین، زمان ورۆشنبیری، زمان و سیاسەت، زمان و ڕاگەیاندن ، زمان و ناسنامە..). (( کاراترین هۆکارێك کە مرۆڤ بۆ

پەڕینەوەی بیری خۆی لە نیوان تاکەکاندا گرتبێتییە بەر زمانی ئاخاوتنە)). (هۆگر مەحمود:٢٠٠٧:١٢١). واتە زمان سەرجەم پەیوەندییەکانی تاك ڕێکدەخات و کارەکانی ئاسان دەکات.

کەواتە زمان لە گشت بوارو کایە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵدا هۆکاری سەرەکییە. ئەم پەیوەندییە پتەوەی نێوان زمان و مرۆڤ پاڵنەرە بۆ ئەوەی وا بیر بکەینەوە، کە ((مرۆڤ زمانە(...) مرۆڤایەتی بێ زمان بوونی نییە، ئەمەش هاوکیشەیەکی هاوسەنگ پێکدەهێنی (زمان= پەیوەندیکردن=مرۆڤ)، چونکە مرۆڤ تەنها لە چوارچێوەی پەیوەندییەکاندا بوونی خۆی دەسەلمێنێت، پەیوەندییەکانیش تەنها بەهۆی زمانەوە ئەنجام دەدرێن)).(شیلان عوسمان:٢٠٠٩:١٩). ئەم هاوکێشەیە کە مرۆڤ زمانە، واتە مرۆڤ گەر زمانی لێوەربگیرێتەوە هیچ نییە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەڵدەوەشێتەوە و کۆمەڵگا بەرەو لەناوچوون دەڕوات.

زمان لای هەریەکە لە تاکەکانی کۆمەڵ، ڕەفتارێکی ڕۆژانەیە، بەردەوام لە پەیوەندیکردندایە لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵ بەکاریدەهێنێت، کە بەهۆیەوە بیر و بۆچوون و زانیارییەکانی خۆی پێدەردەبڕێت، (( زمان وەك سیستەمێکی هێمایی مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی ویست و ئارەزووەکانی خۆی بەکاریدەهێنێ. تاوەکو بە ئامانج و مەبەستەکانی بگات)). (تاڵیب حوسێن:٢٠١٤:٢١٨). دەستخستنی ئەم ئامانجەش لەڕێگەی زمانەوە دەکرێت، بەهۆی تێگەیاندن و تێگەیشتن، کە لەنێوان قسەپێکەرانی زمانەکەدا ئەنجامدەدرێت.

((زمان گرنگترین ئامڕازە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و بیری و زانستییەکان)). (گۆران کوردی:٢٠١٣:٨٤). واتە زمان وەك دیاردەیەکی زیندوو مرۆڤ لە دێر زەمانەوە بەکاریهێناوە لە پرۆسەی ئاخاوتن و پەیوەندیکردندا. وەك دەبینین، سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بۆنەو کۆڕو کۆبوونەوەکانی مرۆڤ بە بوونی زمان بەڕیوەدەچێت، واتە بزوێنەری سەرەکییەتی و، سەرجەمی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە بەبێ زمان نایەتە ئاراوە، لەم کاتەدا پەیوەندییەکان لاوازو بەرەو

لەناوچوون نەمان دەچن. بەڵام گەر بە پێچەوانەوەبێت، پەیوەندییەکان پتەوتر و فروانتر دەبن.

بۆ نمونە، ئەگەر ئێمە سەرنج بدەین کاتێك کە مرۆڤ لە ئەنجامی ڕەفتارێکی هەڵەدا، هەست دەکات وێنەیەکی خراپ و ناشرینی پیشانداوە، بۆ سڕینەوەو ڕاستکردنەوەی ئەم وێنە خراپە لەناو کۆمەڵدا، یەکەم هەنگاو کردەیەکی زمانی ئەنجامدەدات، کۆمەڵێك قسە دەکات لە ڕێگەی شیکردنەوەو ڕونکردنەوە ڕاستی و دروستی خۆی لەوبارەیەوە دەردەخات، وەك بەرگری کردنێك لە خۆی، لە ڕێگەی داوات لێبوردنکردن یان داوای لێخۆشبوون. لێرەدا کاریگەری و توانای زمان و گوتراوە زمانییەکان دەردەکەوێت لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا.

وەك پێشتر وتمان زمان لە چەندین بوارو کایەی ژیانی مرۆڤدا بەشدارە وەك (زمان و بیر، زمان وئاین، زمان و مێژوو، زمان وکلتور، زمان ورۆشنبیری، زمان و سیاسەت، زمان و ناسنامە، زمان وراگەیاندن..)، واتە لەسەرجەم لەم لایەنانەدا زمان کارایە و ڕۆڵی خۆی دەبینێت. گەر سەرج لە پەیوەندی نیوان زمان و بیر بدەین، بیرکردنەوەی مرۆڤ پەیوەندییەکی پتەوی بە زمانەوە هەیە، زمان هۆیەکە بۆ گوزارشتکردن لە بیر، دەبینین کۆمەڵێك ڕای جیاوازی لەسەرە، هەندێك پێیان وایە زمان و بیر لەیەکتر جیاوازن و هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیان نییە، هەندێکی تر دەڵێن ڕاستە جیاوازن بەڵام پەیوەندی لە نێوانیان بوونی هەیە، هەندێکی تریش دەڵێن نەخێر زمان و بیر یەکن. ساپیر دەڵێت: (( زمان تەنیا ڕەنگدانەوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەندێك تایبەتمەندیی دەرونیی قسەکەرە، لە هەڵبژاردنی وشەو دەربڕین و دروستەی ڕێزمانیدا)). (هێمن عەبدولحەمید:٢٠١٣:٦).

هاوکات لەسەرەتای دروستبوونی گەردونەوە هەر کۆمەڵەو نەتەوەیەك کە بوونی هەبووە خاوەنی ئاین و پەیامی ئاسمانی بوون، هەمیشە وشەو زاراوەی نوێ پەیوەست بە ئاینەوە هاتۆتە ناو زمانەکەوە ، بۆ نمونە زمانی کوردی ،زمانی عەرەبی و زمانی قورئان بەسەریدا زاڵە (( دەبینین وشەکانی (مۆفەق بیت، انشاالله، ئەڕحەمە ڕاحمینە،

الله كريمة..) ئەم وشانە بەكاردێت لە  ناو زمانی كوردیدا)).(گۆران كوردی:٢٠١٣:٥٤). كەواتە دەبینین زمان و ئاینیش پەیوەندی پتەویان پێكەوە هەیە.

هەموو كۆمەڵەوە نەتەوەیەكیش خاوەنی زمان و كلتوری تایبەت بە خۆیەتی و دوانەیەكی لێكدانەبڕاون، كاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی تاك و كۆمەڵ هەیە، و تەنانەت زمان وەك تایبەتمەندی كلتورو كۆمەڵی لێهاتووە. میناسۆفا دەڵێت: زمان ئاوێنەی كەلتوورەو لەم ئاوێنەدا، نا تەنیا ژیانی ڕاستەقینە بەڵكو وشیاری كۆمەڵایەتی خەڵك، چۆنیەتی بیركردنەوە، سیمای ژیانم ڕەمزی نیشتیمانی، داب ونەریت، بەهاو بنەمای ئەخلاق و تێگەیشتن لە جیهان و ..دیاردە. كەواتە زمان ڕەنگدانەوەی ئەو كلتورەیە كە مرۆڤ هەیەتی . توێژەرێكیش لەم بارەوە دەڵێت: (( كاتێك ئاخیوەرێك بە زمان یان زارێك دەئاخڤێت، خودی ئەو زمان یان زارە، دەبێتە بەشێك لە شوناسی كلتوری یان تایبەتمەندی كلتوری ئەو كۆمەڵە)). (زوبێر عەلی:٢٠١٢:٣٥). بەهەمان شێوە لە هەموو بوارەكانی دیكەش زمان ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە و كاریگەری دیارو بەرچاوی هەیە هەم لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری ... بوارەكانی دیكەش.

لەم تێگەیشتنەوە بە سەرنجدان لە هۆكارە جۆراوجۆرەكانی ڕاگەیاندن بەهەموو جیاوازییەكانییەوە، بە گەڕانەوە بۆ چۆنییەتی تەواوی پرۆسەكە تێبینی دەكەین، ئەگەر زمان نەبێت پەیوەندی كۆمەڵایەتی بوونی نابێت، بۆیە زمان هۆكارێكی گرنگە بۆ كارابوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان.

## ٢-١/٢) بنەما زمانەوانییەكانی پەیوەندیدار بە كردە كۆمەڵایەتییەكان

زمانەوانی یاخود (زانستی زمان)، توێژینەوەیاكی زانستیە  بۆ زمان، بە شێوەیەكی گشتی گرنگی دەدات بە لێكۆڵینەوەی زمان. زمانەوانی لە لایەكەوە لێكۆڵینەوە لە خوڕەوشتی ئاخاوتنی مرۆڤ دەكات، لەلایەكی ترەوە لێكۆڵینەوە لە شێوە جۆراوجۆرەكانی ئاخاوتنی مرۆڤ دەكات. زمانەوانی تیشك دەخاتەسەر ئاخاوتنی ڕۆژانەی كۆمەڵ، كەواتە ئاخێوەرانی زمانی هەر نەتەوەیەك كە ئاخاوتن دەكەن، لەدوایدا زمانەوانەكان دێن و

لێکۆڵینەوە لەو ئاخاوتنانە دەکەن. ((ئاخاوتن بەگوێرەی ئاستی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگایەکداو لەهەمان سەردەمدا دەگۆڕێت)). (بەهار زاهیر:٢٠٠٩:٤٧). هاوکات شیوازی قسەکردنی مرۆڤ بە هۆی بارودۆخەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، سی.ئەی.فیرگسۆن بروای وایە ((شێوازی قسەکردن لەنێو کۆمەڵگادا، با زۆری بە دوو یان زیاتر لە شیوازێك لە هەمان زماندا لە بارودۆخی جیاوازدا لەلایەن قسە پێکەرانەوە بەکاردێت)). (بێستون ئەبوبەکر:٢٠١٥:٩).

شێوە جۆراوجۆرەکانی ئاخاوتن دەکرێت بە هۆی فرەزمانییەوە دروست ببێت، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی زمانە ((بەپێی جیاوازییەکان (لەڕووی دەربڕین و شێوەی ئاخاوتنەوە) دەتوانێت خۆی بگۆڕێت، چونکە مرۆڤەکان لە ڕووی بایۆلۆژییەوە هاوشێوەی یەکترن، بەلام لە ڕووی کەسایەتی و بەکارهێنانی زمانەوە جیاوازن و خاوەن تایبەتمەندی دیاریکراون، زۆر جار لە دەوروبەرەوە ئەم تایبەتمەندییانە وەردەگرن)).(بێستون ئەبوبەکر:٢٠١٥:١١). کەواتە هەر مرۆڤێك خاسیەت و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیەو خاوەنی زمانێکی دیاریکراو سەربەخۆی خۆیەتی کە دەکرێت زمانەکەی لە کەسێکی تر جیاوازبێت. فرە جۆریش لە تاك دروست دەبێت، خەڵك زۆربوو، فرەجۆرێس زۆر دەبێت. تا خەڵك کەم بێت جۆری زمان کەم دەبێت، هەتا فراوان بێت جۆریش زۆردەبێت.

کۆنتێکست، واتە چوارچییێوەی ئاخاوتن، هەندێك ئاخاوتن پێویستی بە چوارچێوەیەك و کۆمەڵێك دەربڕاو هەیە. (کۆنتێکست ڕۆڵێکی گرنگ لە دەستنیشانکردنی واتای ڕستەدا دەبینێ،دەوروبەر دەبێت کۆمەڵێك شت لە خۆیدا هەڵبگرێت، وەك کۆمەڵ و دەرونزانی و ئەو جیهانەی قسەکەر بەکاریدەهێنێت لە هەر کاتێکی پەیوەندیکردنەکەدا بێت).(ئاڤێستا کەمال:٢٠٠٦:١٠). دەوروبەریش هۆکارێکی گرنگە لە کاتێکدا مرۆڤ کە بونەوەرێکی کۆمەلایەتییە و بەردەوام لە پەیوەندیدایە، دەوروبەر هۆکارە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە بەردەوام بێت.

کردە کۆمەڵایەتییەکانیش، ئەو ئامرازانەن کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان کەسەکان ڕێکدەخەن، جوڵە بە ژیانی کۆمەڵایەتی دەدەن. هەندێك لەم کردە کۆمەڵایەتیانە دەبێتە جۆرێك لە کێشە و تێکدان وەك کێبڕکی و کێشە، بەڵام هەندێکی تریان یەکگرتوویی دروستدەکەن وەك هاریکاری و گونجان.

لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە، تاوان پێش ئەوەی بە کردار ئەنجام بدرێت، لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێت ، کە زۆر جار قسەیەکی ناخۆش بە کەسێك دەوترێت یان ئیهانەی دەکرێت یان تەشهیری پێدەکرێت هەموو ئەمانە لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت و بە تاوان هەژمار دەکرێت. بۆیە دەربڕینەکە لە کۆنتێکستی ڕستەکەدا دەردەکەوێت. لەم نمونانەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

١.ا: تەبیعەتی کوڕانەیە.

١.ب: بە پێڵاوەکانی خۆتەوە ئەچیتە بەهەشت.

١.ج: خوا عەقڵ بە ئەولادت بات.

گفتوگۆی یازدەهەم

- ئەمڕۆ شیرینت بینی، چ ڕەفتارێکی ناشرینی نواند.

- نا، بۆ چی کردووە؟

- دەتوت کوڕە بە دیوارەکەدا هەڵزنابوو.

- بەخوا ئەویش تەبیعەتی زۆر کوڕانەیە.

کاتێك تەماشای گفتوگۆی نۆهەم دەکەین، دەبینین دوو هاوڕێ گفتوگۆ دەکەن و باس لە کچێك دەکەن کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی کردووە بە ڕای ئەوان گونجاو نییە و لەگەڵ ڕەوشتی کچ گونجاو نییە. کە دەڵێت(دەتوت کوڕە بە دیوارەکەدا هەڵزنابوو) وە کەسەکای دیکەش دەڵێت تەبیعەتی کوڕانەیە، لێرەدا دەبینین سوکایەتییەك بە بەرانبەر واتە بە (شیرین) کراوەو سیفەتێکی دراوەتە پاڵ کە لەگەڵی ناگونجێت ، یاخود

کەسەکە پێی ناخۆش دەبێت گەر بیبیستێت ، و لەوانەیە بە بیستنیشی گرژی و تووڕەی لای دروست ببێت، کەواتە ئەمەش بە تاوانی زمانی هەژمار دەکرێت.

## ٢/٢) پەیوەندی نێوان زمان و تاوان

زمان و تاوان پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە، زمان لە ژیانی ڕۆژانەمان و کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی گشتی گرنگییەکی زۆری هەیە. بەردەوام مرۆڤ زمان بەکاردەهێنێت لە دەربڕینی هەست و گفتوگۆ واتە ئاخاوتن بە شێوەیەکی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی ئەنجامدانی تاوانیشدا بە تایبەتی تاوانی زمانی، زمان ڕۆڵی دیار و بەرچاو کاریگەر دەبینێ، چونکە هەموو دروستەو ڕستەکان لەلایەن زمانەوە دەردەبڕدرێت، واتە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ئەنجامدانی تاوانی زمانیدا. وەك لە پێشتردا ڕوونمان کردەوە، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەهەمان کاتیشدا تاوانیش یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هاوکات لە هەر تاوانێکدا زمان بەکارهاتوو ڕۆڵی بینی، با تاوانی زمانی هەژمار دەکرێت.

زۆر جۆری تاوان هەیە کە لە ڕێگەی ئاخاوتن و قسەکردنەوە ئەنجام دەدرێن (واتە زمانی تێدا بەکاردەهێنرێت، وەکو جنێودان و هەڕەشەکردن و سوکایەتی پێکردن و شایەتیدانی بە درۆ و هەندێ تاوانی تر لەخۆدەگرێت). ((کەلسوم خالید:٢٠١٦:١٨)).

گفتوگۆی دوازدەهەم

- ئازاد کوڕێکی زۆر سەرسەرییە ئەزانی؟
- من وای نابینم کە وابێت.
- با بە چاوی خۆم بینیم قۆڵی ئەو کچەی بڕی، بۆیە خوێڕییە.

گەر سەرنجی گفتوگۆی دەیەهەم بدەین، دەبینین ئازاد لەلایەن کەسێکەوە تاوانێکی بەرامبەر کراوە، کە ئەویش خستنەپاڵی تاوانێکە بێ ئەوەی زانیاری تەواوی

لەسەر هەبێت، هاتووە دەڵێت (زۆر سەرسەرییە)، ئەمەش جنێوێکە کە تاوانی زمانی دێنێتە ئاراوە.

کەواتە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نیوان زمان و تاواندا بوونی هەیە، بەتایبەت لەو تاوانانەی کە زمان تێیدا بەشداره وەك تاوانی زمانی، گەر زمان بوونی نەبێت، ئەوا ئەو تاوانانەش بوونی نابێت ، کە لە ڕێگەی زمانەوە بەجێ دەگەن. هەریەك لەم تاوانە زمانیانەش کۆمەڵێك هۆکار هەیە بۆ ئەنجامدانیان کە باس لە هۆکارەکانی تاوانی زمانی دەکەین.

## ١-٢/٢) هۆیەکانی تاوانی زمانی

هەوەك چۆن ئاشکرایە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو لەناو کۆمەڵدا دەژی، بۆیە تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندابێت، دەکرێت تاوانی زمانی ئەنجام بدات، ئەو تاوانانەی کە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێن، و کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی وماڵی کەسەکان دروست دەکەن، بە تاوانی زمانی ناودەبرێن وەك سوکایەتی پێکردن و هەڕەشەکردن و جنێودان و تەشهیرکردن و چەندان تاوانی دیکە. تاوانی زمانی ئەنجام دەدرێت لە ناو کۆمەڵدا، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو تاوانە زمانیانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. بۆ نمونە سەرۆکی وڵاتێك یان سەرۆکی خێزانێك تاوانێك بکات جیاوازە لە کەسێکی ئاسای کە تاوان ئەنجام بدات یاخود لەگەڵ کەسێکی ئەکادیمی. واتە دەکرێت بە چەند شیوازێکی جیاواز ئەنجام بدرێت. هاوکات ئەم تاوانە زمانیانە چەندین هۆکارهەیە بۆ ڕوودانی وەك(زاڵبوونی کەسایەتی، لایەنی دەروونی و جەستەی، ئاین، کۆمەڵایەتی، باری ئابووری...هتد)چەندین هۆکەری دیکەش کە لەبەر سنوری توێژینەوەکە ئەوەندە بە پیویست زانراوە.

١. تاوانی زمانیی ڕوودەدات، بەهۆی زاڵبوونی کەسایەتی ئەو کەسەی تاوانە زمانییەکە ئەنجام دەدات، یاخود فەرزکردنی کەسایەتی خۆی بەسەر ئەو کەسەوە، بەهۆی پلەوپایە بێت یان هەبوونی دەسەڵات و توانای کەسەکە بە بەراورد بە تاوانلێکراو.

٢. به سوك تەماشاكردنى كەسايەتى بەرانبەر، بۆ نمونە كەسێك جنێو بە كەسێكى تردەدات، بە كەسايەتى كەمى لەقەڵەم دەدات و خۆى بە گەورەتر و باشتر دەزانێت.

٣. بارى ئابوريش يەكێكى ديكەيە لە هۆكارەكان، ئابورى باش كۆمەڵگاى باش و تەندروست دروست دەكات، خراپى بارى ئابوورى تاكەكان توشى بێئومێدى دەكات و بارى دەروونيان تێكدەچێت و پەنا دەبەنەبەر تاوانى زمانى و وادەكات جنێو بدات، جنێويش بە هەموو جۆرێك تاوانى زمانييە.

٤. گرفتە كۆمەڵايەتييەكان، كێشە كۆمەڵايەتييەكان بەردەوام لەناو خێزانى كورديدا بوونى هەبووە  و سەرچاوەيەكى ترى تاوانە زمانييەكانە، كە پەيوەندى بە نەريت و كلتورى خێزانى كوردييەوە هەيە.

٥. كەسەكە لايەنى دەروونى تەواونەبێت ياخود لايەنى جەستەى، كە كاريگەرى تەواوى لەسەر قسەكردنەكەى دەبێت و جياواز ل كەسێكى ئاساى كە هيچ كێشەيەكى دەروونى و جەستەى نەبێت.

٦. هۆكارى سياسيش، كە ئەشێت كەسەكە لايەنێكى بە دڵ نەبێت، بە جنێو پێيدادێتە خوارەوە، ياخود كەسێك لايەنگيرى لايەنێكە قبوڵى ئەوە ناكات بەرانبەرەكى هەمان لايەنگيرى ئەوى نييە، بۆيە تاوانى زمانى بەرانبەر ئەنجام دەدات.

٧. ئاين، كە دەكرێت يەكێكى ديكە لە هۆكارەكان بێت، مەرج نييە تەنيا بۆ ئەنجامدانى تاوانەكە بێت، لەوانەيە بۆ ڕێگريكردن لە تاوانەكە بێت. بۆ زانيارى زياتر بڕوانە:

( ) http://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=٩٧٥

## ٢-٢/٢) پەیوەندی واتایی پەیوەست بە تاوانی زمانی

کاتێك ئێمە ئاخاوتن دەکەین، بۆ ئەوەی کە مانای هەبێت، دەبێت پەیوەندی واتایی لە نێوان ئەوانەدا هەبێت کە دەیڵێین. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی گوتنەکانی ناو ئاخاوتن پێکەوە بلکێنێت و لێیاب تێبگەین، لەگەڵ ئەم پەیوەندییە واتاییەدا، زۆر جار پەیوەندی ڕێزمانیش لە نێوان گوتنەکاندا بوونی دەبێت، وەك ئامرازی پەیوەندی و وشەی دوبارە...، ئەو تاوانە زمانییانەی کە بوونیان هەیە دەکرێت لە ڕێگەی پەیوەندی واتاییەوە لێیان تێبگەین. لە نێوان دوو وشەی لکاودا هەمیشە پەیوەندی واتایی بوونی هەیە، هەندێك لە واتای هاوبەش لە نیوانیان دەردەکەوێت. رێزمانیش ئامرازێکی زمانییە کە تایبەتمەندییەکانی دەق فەراهەم دەکات. هەر بوم پێیە دەق لایەنێکی سیمانتیکییە، پەیوەندی بە واتاوە هەیە، نەك بە فۆڕمەوە. رێزمان کۆمەڵێك ڕۆنانە کە لە ڕستەکاندا واتای یەکتری تەواو دەکەن، دەبێت تاوانەکانیش واتای یەکتری تەواو بکەن لە ڕستەدا. بۆ نمونە کەسێك جنێو دەدات، ئەو ڕستەی کە دوای ئەو دێت ، دەبێت واتاکەی تەواو بکات.

لکانی ڕیزمانی، لکان خۆی بە تەنها ئامرازێکی زمانییە ، بەڵام لکانی ڕیزمانی ،(( پێکهاتەی ڕستەو ڕێزمانی زمانێك دەبێتە هۆی دروستبوونی گونجانی دەقی ئەو زمانەی، کە بە شێوەیەکی ئاماژەی، لابردن  و پەیوەندی لە دەقدا دەبینێت)). (کەلسوم خالید:٢٠١٦:٤١).

گفتوگۆی سیازدەهەم

- سەگی سەگباب لە کوێ بوویت؟

- وەڵا لە ماڵی خۆمان نەبووم.

- ئەی سەگباب نەمووت زوو وەرەوە.

لە گفتوگۆی یازدەهەمدا دەبینین، لکانی ڕێزمانی بوونی هەیە، پەیوەندی واتایی لە نێوان ڕستەکاندا بوونی هەیە، ڕستەی دواتر واتای ڕستەی یەکەمی تەواو کردووەو، لە

هەمان کاتیشدا کەسەکە جنێوێکی بە بەرانبەر داوە، کە وشەی (سەگباب)ی بەکارهێناوە کە ئەمەش بە تاوانی زمانی هەژمار دەکرێت.

لکانی وشەش، جۆرێکی دیکەی لکانە، کە ئەو جۆرەش دووبارەبوونەوەی وشەکانە لە ڕستەکەدا، کە ئەمەش لە ڕێگەی (( وشەی هاوواتایی و دژواتایی یان دووبارەکردنەوەی وشەیە لە هەمان دەقدا. کە هەریەکەیان کاریگەری خۆی هەیە لەسەر پتەوکردنی دەق)). (کەلسوم خالید:٢٠١٦:٤١). واتە لکانی وشە بە هۆی دووبارەبونەوەی وشەکانە یاخود بونیی دوو وشەی هاوواتایە یان دژ واتاییە لە ڕستەکەدا بە مەرجێك کار لەسەر بەهێزی دەقەکە بکەن. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت.

١.ا: ببە بە پیاو.

١.ب: دەتکەم بە پیاو.

گەر لێرەدا سەیر بکەین، دەبینین لە ڕستەی یەکەمدا کەسێك کارێکی نەشیاوی کردووە بەرانبەرەکەی هەڕەشەی ئەوەی لێدەکات، کە ڕەفتاری چاك بکات. بەڵام لە ڕستەی دووهەمدا، واتە لە ڕستەی ( دەتکەم بە پیاو)،هەڕەشەکە لەلایەن قسەکەرەکە توندتر دەبێت، ئەگەر وانەبێ واتە ڕەفتاری چاك نەبێت، خۆی ڕەفتاری بۆ چاك دەکات و دەیکات بە پیاو.

## ٣-٢/٢) شیکردنەوەی ئاخاوتنی تاوانی زمانی

شیکردنەوەی ئاخاوتنی تاوانی زمانی لەلای کەسەکان جیاوازە، بە واتا بە پێی ڕەگەز و شوێن و پلەو پایە و ئاستی ڕۆشنبیری دەگۆڕێت. وە جۆری تاوانە زمانییەکەش واتە ( جنێودان و هەڕەشەکردن  و ناوزڕاندن) دەگۆڕێت، واتە وشەو و دەستەواژەکانیان جیاوازە، ژنان و پیاوان وەك یەك لە تاوان بەرپرسن و جیاوازیان نییە، ئێستا ژنانیش وەك پیاوان تاوانەکانیان ڕوو لە زیادبوونە، بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگە و چوونە دەرەوەو کارکردنیان وەك پیاو. جاران عەیبە بوو ژن بچێتە دەرەوە ئیش بکات  و یان هەندێك

کات نەدەبوو لە قسەی پیاوانیش قسە بکەن، واتە عەیبە بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە هەموو شتێك گۆڕاوە، جۆری تاوانەکانیش زۆرتربووە، وشە و دەستەواژەی نوێ هاتۆتە ئاراوە.

جنێو یەکێکە لە دیاردە ناشرین و شاراوەکانی بەشێك لە تاکی ئێمە کە لە دونیای واقیعی و دونیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا جنێو تەشهیر دەکەن (بە خودا، بە دین، بر سەرکردە، بە مەلا، بە ژن، بە حکومەت...هتد). ئەم تاوانانەش پەیوەستە بە هەست و دەروون و پەروەردەی تاکەوە.

## ٢/٢-٣-١) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نیوان منداڵان:

هەر لە منداڵییەوە، فێرکراوین کە جنێو بە کەس نەدەین، بە تایبەت ئەوانەی لە خۆمان گەورەترن، هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە مرۆڤ نابێت جنێوفرۆش بێت، چونکە سیفەتێکی ناشرینە. بەڵام چەند ساڵێکە کۆمەڵگا بە قۆناغێکی نا ئارامدا دەڕوات کە گەورەکان بەهۆی ئەو بارودۆخەی تێیکەوتون، کە بە هۆی تورەبوون و ئەو گرێ دەروونیەی هەیانە جنێو دەدەن. بەمەش منداڵ وەك ئامێرێکی تۆمارکەر، جنێوەکان وەردەگرن و دواتر بەکاریدەهێننەوە. کەواتە یەکەم سەرچاوە خێزانە دواتر تێکەڵ بە کۆمەڵگا دەکرێت، کەواتە دەبێت خێزان زۆر بە هەستیارانە مامەڵە بکات. منداڵ یان لە مانای وشەکان تێناگات و لە گەورەکانەوە وەریدەگرێت، لە مێسکیدا دەچەسپێت و دەیڵێتەوە. یان بە تێپەڕبوونی کات، ئەوەی کە دەیڵێت لە ماناکەی تێدەگات و بەکاریدەهێنێت، واتە بە ئەنقەست جنێو دەدات.

گفتوگۆی چواردەهەم

- ئەوە بۆ ناهێڵێت ئارام یاری بکات؟

- توخوا سەگ باشتر نییە لە ئارام بەس نییە بەوەفایە.

لە گفتوگۆی چواردەهەم دەبینین، گفتوگۆی نیوان دوو منداڵە کە زیاتر وشەی ئاژەڵ بەکاردەهێنن بۆ یەکدی، لێرەشدا لە ڕستەی دووەم دەڵێت سەگ باشترە لە ئارام، واتە هێشتا ئارام ناگات بە سەگەکە، لێرەشدا بە هەمان شیوە منداڵەکە تاوانی زمانی ئەنجامداوە.

## ٢/٢-٣-٢) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نیوان توخمی مێ و مێ:

وەك ئاشکرایە، ژن شێوازی قسەکردن و گفتوگۆی تایبەت بە خۆی هەیە، کۆمەڵێك دەربڕین و دەستەواژە بەکاردێنێ جیاوازە لە پیاو و تایبەتە بە توخمی مێ، لە هەمان کاتدا تاوانی زمانی لەلای توخمی مێش بە هەمان شێوە جیاوازە، هەم بۆ جنێو یاخود بۆ هەڕەشە  و ناوزڕاندن، واتە کۆمەڵێك دەربراوی تایبەتی هەیە. گەر تاوانی ناوزڕاندن وەربگرین لای ڕەگەزی مێ، لەم گفتوگۆیانەدا دەیخەینە ڕوو.

گفتوگۆی پازدەهەم

- نەسرین پێی وتم، تۆ بە منت وتووە چۆن لەگەڵ پیاوەکەم دەژیم داوێن پیسە!

- من شتی وام نەوتووە، نەسرین کەسێکی بوختانچییە.

لە گفتوگۆی پازدەهەمدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، لە ڕستەی یەکەمدا کەسێك هاتووە قسەی بۆ گێڕاوەتەوە ،  کە گوایە پییان وتووە پیاوەکەی کەسیکی خراپ و داوێن پیسە چۆن ئەو لەگەڵی دەژی؟، بەڵام کەسەکە لە ڕستەی دووەم بە نەسرین دەڵێت (بوختانچییە) کە ئەمەش ناوزڕاندن و تەشهیرە بە نەسرین.

گفتوگۆی شازدەهەم

- شیرین بۆ لە پیاوەکەی جیابوویەوە؟

- کەسانی غەریبی هێناوەتە ماڵەوە، کە پیاوەکەی لەماڵ نەبووە.

کاتێك تەماشای گفتوگۆی شازدەهەم دەکەین، دەبینین لە ڕستەی یەکهەم پرسیار کراوە (شیرین بۆ لە پیاوەکەی جیابوویەوە؟) ، لە ڕستەی دووهەمدا وەڵام دراوەتەوە بەوەی کە کەسانی غەریبی هێناوەتەماڵەوە بە بێ ئاگای پیاوەکەی، لێرەدا بە ، مەبەستی کەمکردنەوەی نرخ و ناوزڕاندن بەکار هاتووە و ئامانجیان تەنها بێبەهاکردنی کەسێ بەرانبەرە.

### ۲/۲-۳-۳) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نیوان توخمی نێر و نێر:

تاوانی زمانیش لە هەر سێ جۆرەکەی باسکراوە لەلای توخمی نێریش بە ئاشکرا دەبینرێت، بە هۆی زیاتر تێکەڵبوونیان بە دونیای دەرەوەو هەبوونی ئیش و کار، هاوکات ئەو جنێو هەڕەشە و ناوزڕاندنە لەلایەن پیاوانەوە دەکرێت توندتر و قورسترە لە ژنان. چەندین وشە وەك ( ناپیاو، خوێڕی، بێغیرەت، ڕسوا، بێناموون...هتد) ئەمانە بەکاردەهێنن، بە بەراورد بە ژنان. لێرەدە تاوانی هەڕەشەکردن وەردەگرین کە لەلای توخمی نێر زۆر دیارو بەرچاوە.

گفتوگۆی حەڤدەهەم

- ڕاستە تۆ پارەکەی ئەحمەدت خواردووە؟

- کێ وای وتووە؟

- نازانم، منیش بیستومە.

- وەڵا بزانم کێیە کەرامەتی دەشکێنم!

لێرەدا دەبینین، کەسێك هەڕەشە دەکات، کە بوختانێکی پێ کراوە گوایە ماڵی خەڵکی خواردبێت، بۆیە لەبەر توڕەبوون و هەڵچونەکەی هەڕەشە دەکات، کە بزانێت کێ ئەو قسەیەی کردووە کەرامەتی دەشکێنێت.

گفتوگۆی هەژدەهەم

- بۆچی دوای خوشکەکەی من دەکەویت؟

- خوشکەکەت خۆی پێی خۆشە!

- بێدەنگبەەە، وەڵا شەڕەفت دەشکێنم ئەمجارە نزیکی ببیتەوە.

لە گفتوگۆی هەژدەهەمدا دەبینین، دەیەوێت لە ڕێگەی ئەوەی پێی وتووە ( شەڕەفت دەشکێنم) دەیەوێت بیترسێنێت، واتە هێزی بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شوێن خوشکەکەی ناکەوێت چونکە خوشکەکەی شەڕەفی ئەوە.

گفتوگۆی نۆزدەهەم

- لاچۆ لەسەر ڕێگاکەم با بڕۆم!

- ئۆتۆمبێلەکەم لانادەم هەرچی ئەکەی بیکە.

گەر تەماشای گفتوگۆی نۆزدەهەم بکەین. دەبینین کەسێك سەر ڕێگای لە کەسێکی دیکە گرتووە، پیی دەڵێت (لاچۆ لەسەر ڕێگاکەم با بڕۆم)، بەڵام ئەو هێزی هەیە و کەسایەتی خۆی دەسەپینێت و دەڵێت لاینادەم چی ئەکەی بیکە واتە هەڕەشە بەکار دەهینێت.

## ٢/٢-٣-٤) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە نیوان توخمی نێر و مێ

خێزان ڕۆڵیکی گرنگ دەبینێت لە پێگەیاندنی منداڵ لەناو کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە لە هەندێك کۆمەڵگەدا جیاوازی لە نێوان ڕەگەزەکان دەکرێت، لە کاتێکدا ڕەگەزی کوڕ ئازادییەکی تەواوی هەیە لەناو خێزانداو هیچ شتێك بۆی عەیبە نییە و سەرزەنشت ناکرێت، بەڵام ڕەگەزی مێ زیاتر ڕۆڵی سنوردار دەکرێت ئەمەش وادەکات، دەتوانین بڵێین پیاوان زیاتر تاوان ئەنجام دەدەن وەك لە ژنان، چونکە هەمیشە پیاو وەك پاڵەوان لەناو خێزاندا سەیرکراوە. لێرەدا تاوانی زمانی جنیودان بە نموونە وەردەگرین. دادوەر پرسیار لە ژن و پیاوێك دەکات کێشەکەیان چییە؟  ئەوانیش لە وەڵآمدا دەڵێن.

گفتوگۆی بیستهەم

- نایەوێت بچینە ماڵی باوکم، ئەیەوێت لە دایك و باوکم بکات.

- ڕاست ناکات جەنابی دادوەر، زۆر بێغیرەتە.

لە گفتوگۆی بیستهەمیشدا دەبینین، وشەی (بێغیرەت)ی بەرانبەر پیاوەکەی بەکارهێناوە بۆ سوکایەتی پێکردن و ناوزڕاندنی، بەو واتایەی هیچ خەتایەکی ژنەکەی تێدا نییە و خەتا لە پیاوەکە خۆیەتی کە بێغیرەتە.

## ٢/٢-٣-٥) خستنە ڕووی تاوانی زمانی لە شوێنە گشتییەکان

تاوانی زمانی لە شوێنە گشتییەکاندا چالاکن، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو کەسانەی لێیەتی خاوەنی بڕوانامە نین، ئەو کەسانەش بۆیە زۆرتر تاوانی زمانی ئەنجام دەدەن، ئەگەر چی بە لایەنی گاڵتەش بێت و بە مەبەستی ئەوە نەبێت، هەر تاوانی زمانییە، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان،لە دۆخێکی ناسروشتیدان، ڕێز و خۆشەویستی کەمتر بۆتەوە و لە ئەنجامدا ڕق و ناکۆکی و تەحەمول نەکردنی یەکتری شوێنی گرتووەتەوە. لە جێگایەکی گشتی وەك بازاڕدا یاخود شوێنێکی دیکەی شەعبی، لەوانەی بەردەوامبوونی جنێو بگاتە شەڕەف و دواتریش چەك بەکارهێنان و ئەنجا کوشتن، کە لە ئەنجامدا تاوانی زمانی دەبێتە هۆی تاوانێکی جەستەی.

گفتوگۆی بیستویەکهەم

- بەو خوێڕییەم وت دوێنێ شت لەبەر دوکانەکەی مندا مەفرۆشە! ، وادیارە عاقل نابێت.

- ئێ کاکە خۆ بەردەمی دوکانەکە موڵکی تۆ نیە موڵکی گشتییە.

- دەی ئەگەر پیاوی بەیانی لەوێدا شت بفرۆشە، ئەو کاتە ئەیبینیت چۆن ئەتکەمە قوربانی یەك فیشەك.

گەر تەماشای گفتوگۆی بیستویەکهەم بکەین، دەبینین گفتوگۆی نیوان خاوان دوکان و فرۆشیارێکە کە خاوان دووکانەکە هەموو جێگایە  بە موڵکی خۆی دەزانێت و دەیەوێت فرۆشیارەکە نەوەستێت، خاوان دوکانەکە خۆین پێ دەسەڵاستدارەو خۆی فەرز دەکات بەسەر ئەوی دیکە و هەڕەشەی ئەوەی لێدەکات گەر لەوێدا شت بفرۆشێت، دەیکوژێت. لێرەشدا هەم هەڕەشەکردن هەم جنیوی بەکارهێناوە و بە هەموو شێوەیەك تاوانی زمانییە.

# ئەنجام

١. لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا بە ئەوە گەیشتین، زمان لە ناو کۆمەڵدا کاردەکات، بەرهەمی کۆمەڵە ، هەر گۆڕانێك لە کۆمەڵدا ڕوودەدات، ئەوا لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە، کەواتە مرۆڤ پێویستی بە زمانە بۆ بەردەوامبوونی ژیان. بۆ ئەوەی کۆمەڵێك دروستببێت و بوونی هەبێت، دەبێت خاوەنی زمانێکی تایبەتی خۆی بێت،هاوکات تاکەکانی کۆمەڵ زمان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنن.

٢. کۆمەڵگا بەردەوام لە گۆڕاندایە، بە جۆرێك هیچ کۆمەڵگایەك نییە، لە بارودۆخێکی جێگیر و وەستاودا بێت و بەر گۆڕانکارییەکانی سەردەم نەکەوتبێت، واتە گۆڕان ڕێگەی لێناگیرێت. گۆڕانەکانیش لەخۆوە ڕوونادەن بەڵکو بەهۆی چەندین یاسا و ڕێساوە دەبێت، پێویستە تاك و کۆمەڵ بەردەوام لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکاندا خۆی بگونجێنێت، بە مەرجێك گۆڕانەکە سوودبەخش بێت و ببێتە هۆی بەرەوپێشچوون

٣. تاوان، کارو کردەوەیەکە کەسێك دژ بە کەسێك یان کۆمەڵ ئەنجامی دەدات، بە پێی دەقی یاسای بە تاوان دانراوە، لە بەرانبەردا لەلایەن یاساوە سزایەکی بۆ دیاریکراوە.

٤. جۆرەکانی تاوانی زمانی بە سێ جۆری زۆر بڵاو بەکاردێن کە بریتین لە ( جنێودان و هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن)، کە هەریەك لەم تاوانانە بە هۆی زمانەوە ئەنجامدەدرێن، ڕووبەڕووی کەسی تاوانلێکراو دەبێتەوە، کە زۆر جار دەبێتە هۆی کێشەی خێزانی و لێکپچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٥. بەشی دووەمی توێژینەوەکە ئەوە دەسەلمێنێت: کە ئێمە ڕۆژانە تاوانی زمانی ئەنجامدەدەین، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کەسایەتی بەرانبەر جێدەهێڵێت.

٦. بەشێکی تاوان بۆیە ڕوودەدات، کە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن جێبەجێناکرێت، کە کۆمەڵە ڕێساو یاسایەکە بۆ ئاخاوتن لە کۆمەڵدا. لە ئەم توێژینەوەیەدا (٦) پێوەری کۆمەڵایەتی ئاخاوتن خراوەتەڕوو.

٨. پەیوەندییەکی پتەو لە نیوان زمان و تاوانی زمانی هەیە، چونکە بەردەوام مرۆڤ زمان بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و توڕەبوون و هەڵچونەکانی و هەموو ئەو شتانەی کاریلێدەکات، هاوکات تاوانی زمانیش بە زمان ئەنجامدەدرێت، کەواتە دەگەینە ئەو بڕوای کە تاوان، پێش ئەوەی بە کردار ئەنجامبدرێت لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێت، کە لە ڕێگەی ناوزڕاندن و هەڕەشەکردن و جنێودان و ئیهانەکردنی بەرانبەرەوە دەبێت.

٩. هۆکارەکانی ڕوودانی تاوان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، بەپێی (ژینگە و لایەنی دەروونی و باری کۆمەڵایەتی و ئاین و ئابووری ...) ئێمە لێرەدا بە (٧) خاڵ هۆکارەکانیمان ڕوونکردۆتەوە.

١٠. لە لکانی ڕێزمانیدا پێکهاتەی ڕستە و ڕێزمانی زمانێك دەبێتە هۆی دروستبوونی گونجانی دەقی ئەو زمانە، لکانی وشەش بریتییە لە دووبارەبوونەوەی وشەکان لە ڕستەدا لە ڕێگەی هاوواتای و دژ واتایی و دووبارەکردنەوەی یەك وشە لە ڕستەکەدا.

١١. خێزان، یەکەم سەرچاوەیە دواتر منداڵ تێکەڵ بە کۆمەڵگا دەکرێت، پێویستە زۆر بە هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ منداڵ بکات، چونکە منداڵ لە دووبارەکردنەوەی تاوانەزمانییەکان وەك ئامێری تۆمارکەرە. کەواتە پێویستە خێزان زۆر هۆشیاربێت بۆ کەمکردنەوەی تاوانی زمانی، چونکە دواتر منداڵە گەورە دەبێت و دەبێتە هۆی کێشەی گەورەتر.

١٢. شیکردنەوەمان بۆ ئاخاوتنی تاوانی زمانی کرد، گەشتین بەوەی تاوانی زمانی لەلای کەسەکان جیاوازە ، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بەهۆی توخم و شوێن و پلەوپایە و چەندین هۆکاری دیکەوە دەگۆڕێت. هاوکات شیکردنەوەمان بۆ تاوانی زمانی لە نێوان ( منداڵان ) و (توخمی مێ و مێ) و (توخمی نێر و نێر) و (توخمی نێر و مێ) و (شوێنە گشتییەکان) خستۆتەڕوو، واتە تاوانی زمانی بە پێی کەسەکان جیاوازە.

# لیستی سەرچاوەکان

## أ. کتێبە کوردییەکان


١. ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید، ٢٠١٣، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا.

٢. ئومێد بەرزان برزو، ٢٠١١، زمانەوانی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، چاپی یەکەم.

٣. بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین، ٢٠٠٧، زاروشێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی دووەم.

٤. تالیب حوسێن عەلی، ٢٠١٤، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٥. خەلیل عەبدولڕەحمان معاية، و. سەلاح سەعدی، ٢٠١٣، دەروونناسیی کۆمەلایەتی، چاپی یەکەم.

٦. دلال محسن ، ٢٠١١، و. محمد فتاح، گۆڕانی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری، هەولێر.

٧. ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٩، زمانەوانی کۆمەلێك وتار، چاپخانەی خانی، دهۆك، چاپی یەکەم.

٨. ڕزگار محمد قادر، ٢٠١٦، چەند وانەیەك لە تاوانناسی، بەرگی یەکەم، چاپی پێنجەم، هەولێر.

٩. سەردار عەزیز خۆشناو، ٢٠١٢، یاسای سزاکای عێراقی، ژمارەی ١١١ی سالی ١٩٦٩، چاپخانەی منارە، چاپی سێیەم.

١٠. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ٢٠٠٨، زمانەوانی، چاپی یەکەم.

١١. سابیر بەکر بۆکانی، تاوانبار و سزا، ٢٠٠٢، سلیمانی.

١٢. عەبدوللا حوسێن ڕەسول، ٢٠١٥، چەند باسێکی وردی زمانەوانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم.

١٣. عبدالصمد محمد خەیلانی، ٢٠١٥، یاسای سزاکان، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ هەموارکردنەوە، چاپخانەی منارە، چاپی سێیەم.

١٤. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠٠٥،بۆ زمان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٥. شاخەوان جەلال فەرەج، ٢٠١٣، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینای، چاپی یەکەم.

١٦. شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، چاپی یەکەم.

١٧. فردیناند دیسۆسەر، و. نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، ٢٠١٨، کۆرسێ لە زمانەوانی گشتی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم.

١٨. فوئادی تاهیر سادق، ٢٠٠٨، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، چاپی یەکەم.

١٩. گۆران کوردی، ٢٠١٣، کلتورو زمان، چاپی یەکەم.

٢٠. محەمەد مەحویی، ٢٠٠١، زمان و زانستی زمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، بەرگی یەکەم.

٢١. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، چاپی سێیەم.

٢٢. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٤، زارو زمان، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی دووەم.

## ب. نامەی زانکۆیی

١. ئاڤێستا کەمال، ٢٠٠٦، پراگماتیکای ڕستەی پرسیار و فەرمان لە دیالێکتی کرمانجی خوارووودا، نامەی ماجستێر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢. بەهار زاهیر، ٢٠٠٩، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماجستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

٣. بێستوون ئەبوبەکر عەلی، ٢٠١٥، دەرکەوتەی دوودیوی زمانی لە کۆمەڵە ئاخاوتنەکانیاندا، نامەی ماجستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤. چۆلی ئەسعەد جداد، ٢٠١٣، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، نامەی ماجستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥. زوبێر عەلی عارف، ٢٠١٢، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماجستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦. شاخەوان جەلال فەرەج، ٢٠١١، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٧. کەلسوم خالید ئەحمەد، ٢٠١٢، تاوانی زمانیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا "دادگاکانی شاری هەولێر بە نموونە"، نامەی ماجستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

٨. هێمن عەبدولحەمید شەمس، ٢٠٠٦، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماجستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

## پ. گۆڤارەکان

١. موحسین بەهزاد، ٢٠١٢، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە:١٢٩، هەولێر.

٢. هێمن عەبدولحەمید شەمس، ٢٠١٣، پەیوەندی و کارلێکی نێوان زمان و بیر، تابووی سێکسی بە نموونە، گۆڤاری زانکۆ، زانکۆی گەرمیان، ژمارە:١١.

## ت. پێگەی ئەلیکترۆنی

١. ( https://shwany.blogsky.com/١٣٨٩/١٠/٢٦/post-٤٦/ ).

٢. ( http://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=١٠٨٣٤٦&Jor=٢&fbclid=IwAR٣٧U١_ZCpztXUxXtaysFyMjMsAw-j٧Lu٢IuChLmq٨k٥٢g٠٢Sj٧ag-dUW٧U )

٣. ( http://www.basnews.com/so/babat/٣٠٣٩٤١ ). ٣ March ٢٠٢١.

٤.( http://xelk.org/٨١٨٢/ ). ١٧ December ٢٠٢٠.

٥. ( https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=٤٠٢٦&type=komalayati ).

٦. ( http://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=٩٧٥ ).